# XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5689) پێنج شەممە 7ی شوبات 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


### بۆ دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی شەڕی دژی داعش هاوپەیمانان کۆدەبنەوە

## پێشمەرگە بەشێکی کاریگەرە لە هاوپەیمانییەکە

هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئامادەکاری بۆ قۆناغی دووەمی شەڕی دژی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، دەکات و کۆبوونەوەیەک بۆ وەزیرانی دەرەوە ساز دەکات. وەزیرانی دەرەوەی 79 وڵاتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەرپەرشتیی مایک پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە واشنتن کۆ دەبنەوە. بەپێی زانیارییە بڵاوکراوەکان، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانییەکە گفتوگۆ لە بارەی قۆناغی دووەمی شەڕی دژی داعش دەکەن، کە بریتییە لە چۆنێتیی شکستهێنان بە داعش بە تەواوی و دڵنیابوون لە سەرهەڵنەدانەوەی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە لەو ناوچانەی پێشتر داگیری کردبوون. وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی هاوپەیمانییەکە هەوڵ دەدەن لەو قۆناغەدا سەقامگیریی ناوچە رزگارکراوەکان بپارێزن و هاوکاریی هێزە لۆکاڵییەکان بن لە رووبەڕووبوونەوەی بیری ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە. دوای هێرشی داعش بۆ سەر باشووری کوردستان، ژمارەیەک وڵاتی جیهان بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا، هاوپەیمانییەکیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو رێکخراوە تیرۆریستییە، پێک هێنا، کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەندامێکی کاریگەر و بەهێزی هاوپەیمانییەکەیە. لە مانگی 6ی 2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سووریاوە دزەیان کردە ناو خاکی عێراق و لە ماوەی چەند رۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.



## سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە باڵیۆزی سریلانکا لە عێراق دەکات

دوێنێ چوارشەممە 2019/2/6 لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە نیرانجان ئاسوکا ڕاناسینگ باڵیۆزی سریلانکا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتەکەی و لە بواری بازرگانی و ئابووری و گەشتوگوزار تاوتوێ کرا و جەخت لە گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی هەردوولا کرایەوە.

لە بەشێکی تری ئەو دانیشتنەدا باڵیۆزی سریلانکا لە عێراق کورتەیەکی لە ئەزموون و مێژووی وڵاتەکەی لەبواری چالاکییە ئابوورییەکان و گەشتوگوزار خستەڕوو.

# نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا دەکات

## نێچیرڤان بارزانی: خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانین لەگەڵ ئیتالیا

### سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا: زۆر دڵنیام کە هەماهەنگیی نێوانمان بۆ ئیتالیا و بۆ هەرێمەکەتان، هەردەم مایەی خێر دەبێت



ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە 2/6/ 2019 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر پێشوازی لە بەڕێز جوسێپێ کۆنتێ سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا و شاندێکی باڵای یاوەری کرد.

دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێز قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران ئامادەی بوو، بەڕێز کۆنتێ خۆشحاڵیی خۆی بە سەردانی هەرێمی کوردستان و دیداری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەربڕی، هەروەها نەبەردیی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، پاراستنی پێکهاتەکان بێ جیاوازی، حەواندنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە و پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی بەرز نرخاند و بەردەوامیی هاوکارییە سەربازی و مرۆییەکانی وڵاتەکەیشی بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.


بەڕێزیان جەختی لە تۆکمەکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان ئیتالیا و هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاوازەکاندا کردەوە و گرنگیدانی وڵاتەکەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە، هەروەها دەستخۆشی لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و دیالۆگی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هەماهەنگیی ئەمنی و کۆمەڵێک بواری دیکە کرد.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی ئەو سەردانە و هاوکارییە بەردەوامەکانی ئیتالیای لە کاتە سەختەکاندا بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بوارەکانی مرۆیی، سەربازی، کەلتووری و فەرهەنگیدا کرد و ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا دا کە بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ توانرا بەشێک لە کێشەکان چارەسەر بکرێت و دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان پالپشتی لە حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی دەکات و هەوڵیش دەدات لە داهاتوودا ئەو کێشانەی ماون لەسەر بنەمای دەستووری عێراق چارەسەر بکرێن.

بەڕێزیان جەختی لەوەش کردەوە کە هێشتا مەترسیی داعش ماوە و بە پێویستی زانی بە میکانزمێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ ئەو مەترسییە بکرێت و لەمبارەیەشەوە تیشکی خستە سەر ئەو هەماهەنگییە باشەی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە و پالپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پێویست زانی. بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان خەڵکی ڕەسەنی ئەم وڵاتەن و بە ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زانی هاوکارییان بکات تاکو بتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و ناوچەکانیان ئاوەدان بکرێنەوە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پووختەیەکیشی دەربارەی دۆخی ئاوارە و پەنابەران، قوربانییەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆر، دۆخی ئاوارە و پەنابەران، ڕەوشی ئابووری، ڕیفۆرمەکانی حکوومەتی هەرێم، باشتربوونی باری ئابووریی هەرێم، بوونی دەرفەت بۆ وەبەرهێنەرانی ئیتالی لە بواری جیاوازەکاندا تا وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، پێشکەش کرد.

تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند بابەتێکی پەیوەست بە ڕەوشی سیاسی و ئەمنی ناوچەکەوە، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.



**میسال ئالووسی: پێگەی سەرۆک بارزانی لە ڕووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە بەرز و گرینگە**

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

## ڕاپۆرتێک لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان


(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە کونسوڵی گشتی میسر لە هەولێر دەکات

## سەرۆک بارزانی: پەیوەندییەکانی گەلی کوردستان و خەڵکی میسر و حکوومەتی ئەو وڵاتە مێژوویەکی پتەوی هەیە

دوێنێ چوارشەمە 2019/2/6 لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە ئەحمەد جیهاد کونسوڵی وڵاتی میسر لە هەولێر کرد. لەدیدارەکەدا ڕۆژنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و وڵاتی میسر، سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، پەیوەندییەکانی گەلی کوردستان و خەڵکی میسر و حکوومەتی ئەو وڵاتە مێژوویەکی پتەوی هەیە.
هەر لە دیدارەکەدا، جەخت لەسەر فراوانکردن و پێشخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و قاهیرە کرایەوە.



## مەسرور بارزانی پێشوازیی لە باڵیۆزی سریلانکا لە عێراق دەکات

دوێنێ چوارشەمە 2019/2/6 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە نرانجان ئاران سینگا باڵیۆزی سریلانکا لە عێراق و شاندی یاوەری کرد. لەم دیدارەدا کە کونسولی فەخری سریلانکا لە هەولێر ئامادە بوو پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و پەرەسەندنی ڕەوشی ناوچەکە تاوتوێ کران. مەسرور بارزانی جەختی لە پەرەپێدان و پتەوترکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان کردەوە و ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان خوازیارە بە مەبەستی گۆڕینەوەی ئەزموون و تێکەڵاوی کولتوور و فەرهەنگ پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ گشت وڵاتانی جیهان بدات. لەم دیدارەدا باڵیۆزی سریلانکا باسی لەوە کرد، کە وڵاتەکەی بە گرینگییەوە دەڕوانێتە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا و پشتگیری لە فرەوانترکردنی پەیوەندییەکان لە بواری جیاجیاکان دەکات و ڕایگەیاند، ئەو ڕۆڵ و پێگە و ئاسایشەی بەرقەرارە هۆکارن وڵاتەکەمان بە بایەخەوە بڕوانێتە هەرێمی کوردستان. تاوتوێکردنی ڕەوشی گشتی ناوچەکە و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

مەسرور بارزانی و فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتیەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سووریا کۆبوونەوە

## مەسرور بارزانی: پێویستە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بگەنە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی لە گۆڕانکارییەکاندا مافەکانی گەلی کورد جێگیر بکرێت



دوێنێ چوارشەمە 2019/2/6 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە (جەنەراڵ پاتریک ڕۆبەرسۆن) فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتیەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سووریا و شاندی یاوەری کرد.

قۆناغەکانی شەڕی تیرۆریستان تاوتوێکرا، پەیوەست بە پەرەسەندنەکانی ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی فوڕات لە سووریا مەسرور بارزانی ئاماژەی بەوەدا، بە پێویست دەزانرێت هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بگەنە ڕێککەوتن و لێک تێگەیشتنی هاوبەش لەسەر کۆی پرسەکان بۆ ئەوەی لە گۆڕانکارییەکاندا مافەکانی گەلی کورد جێگیر بکرێت.
هەر لەو دیدارە جموجۆڵەکانی داعش لە هەندێ ناوچەی عێراق و ڕۆژ و هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی هاوپەیمانان و عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێکرا و تیشکخرایە سەر میکانیزمەکانی ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی زیاتری گرووپە تیرۆریستەکان لەو ناوچانەدا.

میسال ئالووسی: پێگەی سەرۆک بارزانی لە ڕووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە بەرز و گرنگە



میسال ئالووسی، گەورەسیاسەتمەداری عێراق دەڵێ، لە ڕووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە، پێگەی سەرۆک بارزانی بەرز و گرینگە، بۆیە گەورەکاربەدەستانی وڵاتان بە تامەزرۆییەوە سەردانی دەکەن.
میسال ئالووسی، کە سەرۆکی پارتی ئۆمەی عێراقییە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بۆ ڕازیکردنی سەرووی خۆیان، لایەنە گرێدراوەکان بە دەرەوە، چ وەک شیعەکان یان بەشێکی کوردەکان و کەسایەتییەکانی سوننە، کەوتنە ژێر کاریگەریی وڵاتە ئیقلیمییەکان و دژایەتیی ڕیفراندۆم و مافی گەلی کوردیان کرد، تەنیا سەرۆک بارزانی نەکەوتە ژێر کارتێکردن و کۆنترۆڵی هیچ لایەنێکەوە. ئالووسی ئەوەیشی بیر هێنایەوە، ئێستا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لە ئاستێکی باشدان و بەڕەو باشتریش دەچن، بێگومان کەسایەتی و ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لەو نێوەندەدا جێی بایەخ و پێزانینە.
لە ئێستادا گەورەکاربەدەستی چەندین وڵات سەردانی سەرۆک بارزانی دەکەن، لەو بارەیشەوە ئالووسی گوتی: ئەمە شتێکی غەریب نییە، پێگەی سەرۆک بارزانی لە ڕووی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە بەرز و گرینگە، بۆیە گەورەکاربەدەستان بە تامەزرۆییەوە سەردانی دەکەن.

## کوێت فێستیڤاڵی (دروستکردنی هیوا) لە هەولێر ڕێکدەخات

کوێت فێستیڤاڵێک لەژێر ناوی "بنیاتنانی مرۆڤ و دروستکردنی هیوا "لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، ڕێکدەخات. کونسوڵخانەی گشتیی کوێت لە هەولێر لە نووسراوێکدا، کە وێنەیەکی دراوەتە خەبات، ڕایگەیاندووە، فێستیڤالەکە بۆ ئەو کەسانە ڕێکدەخرێت، کە قۆناغی حەوتەمی پرۆژەی دروستکردنی پەلی دەستکرد، دەیانگرێتەوە.
هەروەک لە نووسراوەکەدا هاتووە، پرۆژەکە لەچوارچێوەی هەڵمەتی "کوێت لەگەڵتانە "لە هۆڵی یانەی ئەکاد لە شارۆچکەی عەنکاوە لە هەولێر، ڕێک دەخرێت. فێستیڤالەکە کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی شەمە 2019/2/9 ڕێک دەخرێت.

## ساندرا ماکافینی بۆ خەبات: کورد بەئازایەتی خۆی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەتەوە

## سەرۆکێک بیەوێت دیواری پۆڵایین لەگەڵ وڵاتێکی هەژاردا دروست بکات ناتوانێ هاوپەیمانە دوورەکانی بپارێزێت



خەبات/ مەریوان ئەشنەندی

ئەندامێکی پەرلەمانی مەکسیک لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات هیوای خواست ساڵی2019 ساڵی بەرقەراربوونی ئاشتی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ساندرا ماکافینی ئەندامی پەرلەمانی مەکسیک لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات دەڵێ: پشتبەستن بەبەڵێنەکانی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا جێگای ئومێد نابێت و باشترە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش گەلی کورد پشت بەخۆیان ببەستن و هێلکەکانیان نەخەنە سەبەتەی پڕ لە کونی ئەمەریکای سەردەمی دۆناڵد ترەمپ، چونکە سەرۆکێک بیەوێت دیواری پۆڵایین لەگەڵ وڵاتێکی هەژار دروست بکات، ناتوانێ هاوپەیمانە دوورەکانی بپارێزێت.
ئەم پەرلەمانتارە مەکسیکیە سەبارەت بە هەوڵەکانی دۆناڵد ترەمپ بۆ دروستکردنی دیواڕێک لەنێوان ئەمەریکا و مەکسیک بەلوتکەی داڕمانی مرۆیی لەلای دۆناڵد ترەمپ دەزانێ و دەڵێ بەنیوەی ئەو پارەیەی کە بۆ ئەو دیوارە خەرج دەکرێت دەتوانرێ کێشەی سنوور و کۆچکردن لە مەکسیک و وڵاتانی ئەمەریکای باشووردەوە بۆ ئەمەریکا و کەنەدا چارەسەر بکرێت. سەرسوڕمانی خۆشی دەربڕی کە گەلی ئەمەریکا چاوەڕێی سەرۆکێکی وەک ترەمپ بکەن کە وڵاتەکەیان سەرکردایەتی جیهان بکات.
لەبارەی گەلی کوردەوە خاتوو ساندرا ماکافینی دەڵێت: کورد بە ئازایەتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ماوەتەوە ئەگینا منیش لەگەڵیاندام کاتێک دەڵێن تەنها چیاکان دۆستی کوردن. بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی کورد لەناوسنوری عیراقدا و لە پۆستە بااڵکانی عێراق جۆرێک لە متمانەی بە کوردانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا داوە کە دەتوانن بە شێوازی نوێ و بە ڕێگەی گفتوگۆ و دیبلۆماسیەت و دیموکراسی دەسکەوتی باشتر بەدەستبێنن و داوای کرد کورد یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی ساڵی 2019 کە ئەو بەساڵی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەسفکرد، ساڵی سەرکەوتن و گەشتن بە ئامانجەکانی گەلی کوردیش بێت.

## مەکتەبی سیاسیی پارتی، پیرۆزبایی لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکات

بە بۆنەی بیست و پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنییەوە، دوێنێ چوارشەمە 2019/2/6 مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

**بەڕێز/ مامۆستا سەلاحەددین محەمەد بەهائەددین، ئەمیندارى گشتیى یەکگرتووى ئیسلامیى کوردستان**

**بەڕێزان/ ئەندامانى ئەنجوومەنى سەرکردایەتیى یەکگرتووى ئیسلامیى کوردستان**

بە بۆنەى (25)ـەمین ساڵیادى دامەزراندنى یەکگرتووى ئیسلامیى کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایى ئاڕاستەى بەڕێزتان و سەرجەم کادیر و ئەندام و لایەنگرانتان دەکەین، هیوادارین لە هەوڵ و کار و کۆششتان بەردەوام بن و بە هەموو لایەک بتوانین بە ئیرادەیەکى بەهێز و بە یەک بەرنامە و کارى هاوبەش ئامانجەکانى گەلەکەمان بهێنینە دى.

ئێمە کاتێک ئەو یادە دەکەینەوە و ڕۆڵى ئێوە و یەکگرتووى ئیسلامى لە ئەزموونى هەرێمى کوردستان بۆ بەدەستهاتنى دەسکەوتەکان و بەدیهێنانى ئامانجەکانمان بەرز دەنرخێنین، هاوکات ڕەوشى گرینگ و هەستیارى ئەمڕۆى هەرێم و ناوچەکە، وا پێویست دەکات زیاتر سوور بین لەسەر هاوخەباتى و یەکڕیزیى و تەبایى و یەکخستنى نێومالى کورد بۆ پاراستنى دەسکەوتەکان و ڕەوشى ئارام و سەقامگیریى هەرێمى کوردستان. ئومێدەوارین بەردەوام هەوڵ بدەین بناغەى ئەو پێکەوەیى و هەماهەنگییەى نێوانمان پتەوتر و بەهێزتر بکەین لە پێناو بەرژەوەندیى گشتیى گەلەکەمان و تەختکردنى کۆسپ و تەگەرەکان، هەروەها ئەرکى سەرجەم لایەنە سیاسییەکانى کوردستانە کە لە پێناوى بەرژەوەندییە باڵاکانى گەل و وڵاتەکەماندا هەنگاوى جیددى و کردەنى بنێین و کێشە و ناکۆکییە لاوەکییەکان کۆتایى پێ بێنین لە پێناو ئاسوودەیى و ئارامى و خۆشگوزەرانى بۆ ڕۆڵەکانى گەلەکەمان.

جارێکى دیکە پیرۆزبایىتان لێ دەکەین و هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن.

**مەکتەبى سیاسیى پارتى دیموکراتى کوردستان**
**2019/2/6**

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/2/7 ژمارە (5689)

# نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا دەکات

## نێچیرڤان بارزانی: خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانین لەگەڵ ئیتالیا

## سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا: زۆر دڵنیام کە هەماهەنگیی نێوانمان بۆ ئیتالیا و بۆ هەرێمەکەتان، هەردەم مایەی خێر دەبێت



دوای کۆبوونەوەی دوێنێ ئێوارەی چوارشەممە 2019/2/6ی نێوان بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و جوسێپێ کۆنتێ سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا، لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییان دا.

سەرەتا بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە وتەیەکدا گوتی" ئەم ئێوارەیە زۆر خۆشحاڵ بووین بە پێشوازیکردن لە جەنابی جوسێپێ کۆنتێ سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا، بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێزیان دەکەین بۆ هەولێر. ئەم سەردانەی بەڕێزیان، نیشانەی بایەخدانی ئیتالیایە بە هەرێمی کوردستان و عێراق بە شێوەیەکی گشتی. لە کۆبوونەوەی کە هەمانبوو، باسمان لە دۆخی سیاسی و ئەمنیی ناوچەکە بەگشتی و دواپێن پێشهاتەکانی شەڕی دژی داعش و تیرۆر کرد. دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و دواپێن پێشهاتەکانی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستانمان باسکرد کرد".

بەڕێزیان لە بەردەوامیی وتەکەیدا ئاشکرای کرد "ئیتالیا یەکێکە لەو وڵاتانەی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا هاوکارێکی سەرەکی بووە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان. ئیتالیا هەم لە مەشق و ڕاهێنان و هەم لە پێشکەشکردنی هاوکاریی مرۆیی و سەربازی، پشتیوانی عێراق و هەرێمی کوردستان بووە و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستاندا بەردەوام هەبووە. لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی و کولتووریشدا، پەیوندییەکی زۆر بەهێز لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئیتالیا هەیە و سوپاسیان دەکەین بۆ هەموو ئەو کارانەی لەڕووی کەلتوورییەوە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن".

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا ڕایگەیاند "سوپاسی ئیتالیا دەکەین بۆ پشتگیری و هاوکارییەکانی ڕابردوویان و هیوادارین لە داهاتووشدا بەردەوام بن. سوپاسیان دەکەین کە لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی تایبەتمەند و لەژێر پاراستنی هێزێکی ئیتالیدا، ڕۆڵێکی باش لە چاککردنەوە و پاراستنی بەنداوی مووسڵدا دەگێڕن و ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەکەن".

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەربارەی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا گوتی "لە کۆبوونەوەکەماندا هەروەها باسمان لە پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا کرد و جەختمان لەوە کردۆتەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات. دووپاتمان کردەوە کە هەرێمی کوردستان پشتگیری لە حکوومەتەکەی جەنابی د. عادل عبدالمهدی دەکات و خوازیارین هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین. باسمان لە دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کرد و داواکارین ئیتالیا بەردەوام هاوکار بێت لە هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان. باسمان لە مەسەلەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لەنێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان کرد و جەختمان لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێک دەدات بۆ پاراستن و یارمەتیدانی هەموو پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا".

لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا بەڕێزیان ئاشکرای کرد "ئێمە لەلایەن خۆمانەوە وەک هەرێمی کوردستان سوپاسی هاتنی بەڕێزیان دەکەین بۆ هەرێم و سوپاسی هەموو ئەو هەوڵانە دەکەین کە کونسولی گشتیی ئیتالیا لە هەرێمی کوردستان بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئیتالیا. دووبارە بەناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆک وەزیران دەکەین بۆ هەرێمی کوردستان".

دواتر بەڕێز سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا لە وتەیەکدا گوتی: " سوپاس بۆ سەرۆک وەزیران، زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لێرەم لە یەکەم سەردانمدا بۆ کوردستانی عێراق.

سوپاسێکی زۆری داموددەزگا حکوومییەکان دەکەم، بەتایبەتی سەرۆک وەزیران بارزانی بۆ میوانداریيە گەرموگوڕەکەی.

جەخت دەکەمەوە کە دیدارەکەمان زۆر ئەرێنی بوو و تیایدا داکۆکی کرایەوە لەو پەیوندی و دۆستایەتییە مێژووییەی کە ئیتالیا و ئەم هەرێمە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. دەتوانم بڵێم هەڵبژاردنەکەنی پاییزی ڕابردوو ساتەوەختێکی گرنگ بوو بۆ دیموکراسی. شێوازی ئەنجامدانی پرۆسەکە بەڵگەی پێگەیشتوویی گەلی کورد و تامەزرۆییتانە بۆ دیموکراسی. هیوای دامەزران و دەستبەکاربوونێکی هارمۆنی بۆ حکوومەتی نوێ دەخوازین.

هیوادارین توانای بەدیهێنانی پێداویستییەکانی گەلی کوردی هەبێت، توانای بەهێزکردن و بەسوودترکردنی پەیوەندییەکانی هەبێت لەگەڵ بەغدا بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی گشتی و هاوبەش، ئاشتی، خۆشگوزەرانی، گەشەکردن بۆ هەموو عێراق، بەتایبەتی بۆ ئەم هەرێمە.

هەروەها ئەمڕۆ لەگەڵ سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی عێراق باسم لەوە کرد کە ئۆتۆنۆمیی کورد و پەیکەری فیدراڵیی عێراق بەردی بناغەیە و لە دستووریشدا دانی پیادانراوە. بۆیە پێویستە هەردەم وەک بابەتێکی دانپیانراو بمێنێتەوە بەرامبەر بەو هەموو گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەی لە داهاتوودا ڕووبەڕووتان دەبێتەوە. ململانێی نێودەوڵەتییەکان کاریگەر و قورسن، هەر بۆیە سەقامگیریی ناوچەکە دەبێت کاری لەپێشینەی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێوە بێت.

هەوڵ و تێکۆشانتان بۆ لەناوبردنی داعش زۆر بەرز هەڵدەسەنگێنین و کارێکی زۆر مەزن و دانسقەتان کرد لە عێراق. بە هێز و توانای خۆتان ئەنجامتان دا، بەڵام ئەمڕۆ هەموومان دەزانین داعش هێشتا سەرچاوەی هەڕەشەیە. هەرچەندە ئەمڕۆ هیچ جوگرافیا و شوێنێکی دیاریکراویشیان نییە، بەڵام ئەوپەڕی وشیاریی ئێوەی دەوێت و نابێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بەرامبەر ئەم بابەتە دەستەوەستان بوەستێت.

زۆر خۆشحاڵ بووم بە جەختکردنەوەی سوپاس و بە بەرزنرخاندنی سەرۆک وەزیران بۆ چالاکیی هێزەکانمان سەبارەت بە ڕاهێنان و مەشقکردن بە هێزەکان و بەشداریکردنیان لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوخۆ.

شێوازی کارکردنی ئێمە بەدڵنیاییەوە بە ڕێزگرتن لە خەڵکی ناوچەکە دەست پێدەکات، پشتگیریمان بۆ ئێوە واتە دەستوورنەدان لە کاروبار و بەرپرسیاریەتیتان، توانای دیالۆگکردن و ڕێزگرتن لە گەلانی ناوچەکە، لە (DNA)ی ئێمەدایە.

هەروەک بەغدا، لێرەش سەردانی هێزەکانمان دەکەم و پەیمانی دۆستایەتی و نزیکی و شەرەفداریيان پێدەگەیەنم سەبارەت بەوەی لەم هەرێمەدا بەدیدەهێنن.

هەروەها دەربارەی پەیوەندیی دووقۆڵی گفتوگۆمان کرد و گفتوگۆکەمان زۆر ئەرێنی بوو. هەردوولامان ناواتەخوازین پەیوندییەکانمان لەمەش زیاتر گەشە بکەن.

پەیوندی و دیالۆگمان بەردەوام و جێگیرن و هەماهەنگی و هاوکاریمان هەموو سێکتەرەکان دەگرێتەوە. زۆر شانازیش دەکەم بەوەی زانکۆکانی ئیتالیا یارمەتییەکی گرنگ لە پاراستنی سامانی دەوڵەمەندی شوێنەوارتان، پێشکەش دەکەن. زۆر شەرەفمەندین کە زانکۆ و گرووپەکانی توێژینەوەمان سەرقاڵی یارمەتیدانتانن بۆ پارێزگاریکردن لە ڕەگ و ڕیشە و شوناسی کولتووریتان.

ئیتالیا دەستپێشخەری دەکات لە بواری گەشەکردنداو و هاوکاری پێشکەش دەکات بەتایبەتی لە بوارەکانی خواردەمەنی، تەندروستی و پاراستنی ئاسایشدا. دەتوانم بڵێم ڕۆڵێکی گرنگمان هەیە لە ئاساییکردنەوەی شاری مووسڵدا. ئەمڕۆ نزیکەی 40 کۆمپانیای ئیتالی لێرە کار دەکەن. زۆر دڵنیاشم کە هەماهەنگیی نێوانمان بۆ ئیتالیا و بۆ هەرێمەکەتان، هەردەم مایەی خێر دەبێت.

جارێکی دیکە زۆر سوپاس سەرۆک وەزیرانی ئازیز بۆ پێشوازیی گەرموگوڕتان لە هاتنم. زۆر مەبەستم بێم بۆ دەرخستنی گرنگیی ئەم وڵاتە بەلامانەوە. زۆر سوپاس.

# فازڵ میرانی پێشوازی لە سکرتێڕی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و شاندی یاوەری کرد



فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هاوینەهەواری پیرمام پێشوازی لە یونادم کەنا سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و شاندی یاوەری کرد. لە دانیشتنەکەدا کە یەعقوب گورکی جێگری سکرتێری گشتی و فەرید یەعقوب ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و شەمعون شلێمون ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و هەروەها مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوندییەکانی کوردستانی و نیشتمانی و هێمن هەورامی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئامادەی بوون.

فازڵ میرانی وێڕای بەخێرهێنانی میوانان پوختەیەک لەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی پێشکەش کردو جەختی لەسەر پێکەوەژیان و تەبایی و ئاسایشی میللی کردەوە کە یەکێک لە پرەنسیپەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانە کە ئەم بنەمایە لەسەر دەستی باوکی نەتەوەیی کورد مستەفا بارزانی دانراوە. هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بووەتە سیمبولی پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردنی نەتەوە ئایین و ئایینزاکان و لەناوکۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا ڕێزێکی گەورە لە هەرێمی کوردستان دەگیرێت لەبەر هۆکارانە.

هەروەها میرانی تەئکیدی کردەوە کە پەیوندی دووقۆڵی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئاشووری میژوویی و لە ئاستێکی بەرزدایەو دووپاتیشی لەم پەیوندیانە کردەوە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەدەستێنێت بۆ خزمەتکردنی گەلی کوردستان.

لەلای خۆیەوە یونادم کەنا سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری بە ناوی خۆی و شاندی یاوەری سوپاسی مەکتەبی سیاسی پارتیان کرد بۆ ڕەخساندنی ئەم دیدارەو پێکەوەژیانی مەسیحییەکان و کورد و ئاینەکانی تریشی بە برایەتی و تەبایی وەسف کردو دووپاتی کردەوە کە کوردستان نمونەی هەرە پێشکەوتووە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستداو ئامادەیی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووریشی دەربڕی بۆ پێکەوە کارکردن لەپێناو خزمەتکردن و خۆشگوزەرانی گەلی کوردستان.

# ئاماژەکانی ئەمەریکا بۆ جێگیربوون لە سووریا

## ئەمەریکا 150 بارهەڵگری دیکە چەک و جبەخانەی گەیاندە ڕۆژئاوای کوردستان




ئەمەریکا لەڕێگەی ناردنی نزیکەی 150 بارهەڵگر ئۆتۆمبێلی زرێپۆش، ئۆتۆمبیلی کار و مۆلیدەی کارەبا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یستی یەپەگە، ئاماژەی ئەوەیدا کە ڕەنگە لە ناوچەکە نەکشێتەوە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئەنادۆلو، شەوی سێشەمە لە دەروازەی سنووریی سمێلکاوە نزیکەی150 بارهەڵگر لەلایەن ئەمەریکاوە ڕەوانەی ئەو ناوچەیەی کە لەلایەن یەپەگە بەڕێوەدەبرێ، کرا. بارهەڵگرەکانیش سەرلەنیوەڕۆی سێشەمە گەیشتنە کۆگاکانی خەراب ئشک و سڕین کە لەلایەن سوپای ئەمەریکا بە هاوبەشی لەگەڵ یەپەگە بەکاردەهێنرێن.

نووسیویەتی: گواستنەوەی مۆلیدە دوو ئەگەر بە مێشکدا دەهێنێت یان ئەوەی کە ئەمەریکا دەیەوێت لەڕێگەیانەوە داواکاریی هەڵکشاوی وزە لە بنکەکانی لە باکووری سووریا پڕبکاتەوە، یانیش ئامادەکاریی دەکات بۆ دامەزراندنی بنکەی نوێ کە پێویستی بە سەرچاوەی وزەیە. ئەو زرێپۆشانەی کە بارهەڵگرەکان هەڵیانگرتوون و ئەمەریکا دەیداتە یەپەگە کە ناوی هێزەکانی سووریای دیموکرات بەکاردهێنن، لە ئۆتۆمبێلی هەمەر (Humwee) پێکهاتوون.

سەربازانی ئەمەریکا بەگشتیی ئەو جۆرە هەمەڕەنگە بەکاردەهێنن کە لەوانە پێشکەوتووتر و گەورەترن.

سەرچاوەکان لە ناوچەکە، باس لەوە دەکەن کە لەو کاتەوەی ئەمەریکا بریاری کشانەوەی داوە لە سووریا، تا ئێستا لە عێراقەوە نزیکەی400 بارهەڵگر نێردراوە بۆ گۆڕەپانی ژێر دەسەڵاتی یەپەگە لە سووریا.

جێی باسە ئەوەی بووەتە مایەی سەرنج ئەو گواستنەوانە هاوتایە لەگەڵ بوونی شاندی تورکی لە ئەمەریکا بۆ تاوتوێ کردنی ناوچەی ئارام، منبج و بابەتە دوو قۆڵیەکانی دیکە و، هەروەها گواستنەوەکە پێش کۆبوونەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ئەنجامدراوە.

## ئیمانوێل ماکرۆن:

## ڕۆژی 24ی نیسانی هەموو سااڵێک دەبێتە ڕۆژێکی نیشتیمانی بۆ بەرزڕاگرتنی یادی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان



**دەنگی ئەمەریکا:** ڕۆژی سێشەمە سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانوێل ماکرۆن لەبەردەم ئەنجومەنی کاروباری ڕێکخراوە ئەرمەنییەکان لە فەڕەنسا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی ڕۆژی 24ی نیسانی هەموو ساڵێک دەکاتە ڕۆژێکی نیشتیمانی بۆ بەرزڕاگرتنی یادی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان. ئەم ڕاگەیاندنەی ماکرۆن لەبەردەم خوانی سااڵنەی ئەنجومەنی کاروباری ئەرمەنییەکاندا لەفەڕەنسا ڕاگەیاند، بەمەش ماکرۆن بەڵێنەکەی هێنایە دی کە لەسەروەختی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەیدا دابووی. کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان کە لەساڵانی1915 و 1917دا ڕوویداوە هاوکات لەساڵی 2001دا فەڕەنسا دانی بەو تاوانە گەورەیەدا ناوە لەکاتێکدا تورکیا تا ئەم سەروەختە نکۆڵی لەو کۆمەڵکوژییە دەکات. پرسی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان بۆتە هۆی ناکۆکیی لەنێوان تورکیاو ئەو وڵاتانەی کە دانیان بەوەدا ناوە کە کۆمەڵکوژی ئەرمینییەکانیان بەدەستی هێزە عوسمانییەکان لەسەروەختی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەنجامدراوەو بە جینۆساید لە قەڵەمیان داوە. ئەرمەنییەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە یەک ملیۆن و نیو ئەرمەنی بە شێوازێکی ڕێکخراو کۆژراون لەسەروەختی ڕووخانی دەسەاڵتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دا. هاوکات میژوونووسانی وڵاتانی وەک فەڕەنسا و ئیتاڵیاو ڕووسیا بڕیانداوە کە جینۆساید دژی ئەرمەنییەکان ئەنجامدراوە.

# نەرۆژ... کوردانی تاراوگە لە هەوڵی دامەزراندنی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کولتوورییەکان دان

## تەها بێجانی: دامەزراندنی ئەم فیدراسیۆنە بۆ ئەوەیە چیتر ماڵی کورد پەرتەوازە نەبێت

**خەبات/ ساسان دەروێش**

لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان بەهۆی جەنگی تیرۆریستانی داعش و داگیرکردنی بەشێکی خاکی کوردستان و لێکەوتنەوەی زەرەر و زیانێکی زۆر و بەخشینی خوێنی کۆمەڵێک شەهید بۆ بەرگریکردن و تێکشکاندنی دوژمنانی کورد و کوردستان و سڕینەوەی ئاسەوارییان، وێڕای پێشێلکردنی دەستوور و پەڕاوێزخستنی مافەکانی کورد و بڕینی بودجە و قوواڵکردنەوەی قەیرانی ئابووری لەلایەن دەسەاڵتی ناوەندی بەغداوە، سەرئەنجام خۆشبەختانە نەیانتوانی ئیرادەی بەهێزی گەل بۆ خۆشویستنی خاک لەق بکەن، بەڵکو ئەوە ئەوان بوون لە پردێ و سەحیلا سەریان نەوی کردو پێشمەرگەش داستانی مەزنیان تۆمارکرد، ئەمەش بەخۆڕاگری پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و پاڵپشتکردنی کوردستانیانی تاراوگە بوو کە هەمیشە وەک سەرمایەکی گەورەی کوردستان سەیرکراوە لە هەڵوێستی جوانی نەتەوەییان دژ بەداگیرکارانی کوردستان لە تاراوگەوە دەنگ و ڕەنگ و پەیامی بەردەوامیان هەبووە لە ناساندنی دۆزی کورد و شووناسی نەتەوەییمان. بۆ زیاتر ئەو یەکبوون و یەکهەڵوێستییە و خزمەتکردنی زیاتری کوردو کوردستان، کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی کوردستانیان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و هەستکردن بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان، بڕیاریان لە دامەزراندنی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کولتوورییەکانیان دا، بۆ ئەم مەبەستەش بانگهێشتی نوێنەرانی چەند کۆمەڵەیەکیان کردووە کە پێکهەوە دانیشن و گفتوگۆ لەسەر دامەزراندنی بکەن. لەم بارەیەشەوە تەها بێجانی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لیژنەی ڕێکخراوی ئۆسلۆی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: دامەزراندنی ئەم فیدراسیۆنە بۆ ئەوەیە کە چیتر ماڵی کورد پەرتەوازە نەبێت و بیکەینە یەک هێز دژ بەداگیرکارانی کوردستان و دەنگی میللەتی خۆمان بین لە تاراوگە، ڕۆژی شەممە 2ی شوبات 2019 دەستەی دامەزرێنەری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کولتوورییەکان لە لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ کۆبوونەوە بەمەبەستی تاوتوێکردنی هەندێک بابەتی تایبەت بەفیدراسیۆن و پێکهێنانی و هەروەها دیاریکردنی دەستەیەکی بەڕێوەبەری کاتی تا کاتی کۆنگرە و دابەشکردنی ئەرکەکان لە نێوان نوێنەرانی کۆمەڵە کولتوورییەکان و دیاریکردنی دەستەیەک بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ بەستنی یەکەمین کۆنگرەی فیدراسیۆن. دیارە دانیشتنەکەشمان هەرپەیوەست بوون بەم بڕیارانەو گوێگرتن لە پێشنیارەکان، بۆ ئێستاش لە خۆمان یەک کەسمان دیاریکرد تاوەکو بە شێوەیەکی کاتی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان بکات، لەلایەن خۆشمانەوە گروپی پەیوەندییەکان ڕاسپێردرا بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەو پەیوەندی زیاتر بەکۆمەڵەکانەوە بکەن کە ببنە ئەندام و لە ئێستاشدا ئەم کۆمەڵانە بوونە دەستەی دامەزرێنەر، کۆمەڵەی کولتووری ڕۆمەریکە و سیلاڤ مالا کوردا و ناوەندی هاوکاری کۆمەڵە کولتوورییەکان و دیدارێن کوردی لە نەرویژ و ڕەوەندا کوردین سووریا لە نەرویژ و کۆمەڵەی کولتووری نەوان و چەندانی تر کە بەنیازن بەشدارین لەگەڵمان، ئەمەش تەنها یەک ئامانج کۆمان دەکاتەوە کە بەرگریکاری کوردستانی گەورە بین و دەنگی نەتەوەکەمان بین لە تاراوگەو پێکەوە کاری هاوبەش بکەین کە ئەمڕۆ کوردستان چاوێ لێیەتی.



## نامەکە نەگەیشت



**د. فاتیح عەبدولسەلام**

هەبوو سەری سوڕما، یان گاڵتەی پێهات، یان نکۆڵی لێکرد، یان واقی وڕما، یان تووڕە بوو، یان پێکەنی، یان پرسیاری کرد، کاتێک دوو جار پاسەوانی شەرەفی عێراق، بۆ میوانە گەورەکە، شای ئوردن ئماڵشکرا، لە میانی ڕێورەسمی پێشوازیکردن، جارێک لەلایەن سەرۆک کۆمار و جارێکیش لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە. وتیان ئەوە پرۆسەیەکە، پروتۆکۆل دەشکێنێت و لەوانەیە (سەرۆکایەتی سێیەم)، بێجگە لەو دوو سەرۆکایەتییە، ناڕەزایی دەربڕێت و بیەوێت ئەویش پاسەوانی شەرەف ئمایش بکات، بۆ ئەوەی دادپەروەری سێیانە لە دیدێکی عێراقییانەوە بۆ شتەکان هەبێت، وەکو هەموو جارێک-بێگومان لە مەجلیسی تایبەت، لە نزیک سۆپای مااڵکان و لەنێوژن و منداڵان ئەوە وترا-. برادەرێکم پێی وتم، پێی وایە ئەوەی ڕووی دا، لە سۆنگەی زیادی پێشوازیکردن لە میوانەکە بوو، لەگەڵ هەوڵێک بۆ سەپاندنی پەنجەمۆرێ پێشوازیکردنێکی عێراقییانەی بێ وێنە، هەتا ئەگەر وتیشیان، پەنجەمۆرێکی خۆشکراوە بە بەرامەی بەش بەشانیتوە، کە میوانانی عێراق لە تامکردنی بەزۆری، هیچ گوناهێکیان نییە.

لەبیرمە جارێکیان، پێش سەردەمی وەتسئاپ و ڤایبەر، کە ئینتەرنێت بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات، هەمان ئەو برادەرەم بینی، کە تازە لە عێراقەوە هاتبووە لەندەن. ئەو دەمەی لە نووسینگەی پۆستە بەردەو ڕووم دەهات، خەریکبوو لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی. لێم پرسی: چیتە؟ بەچی پێدەکەنیت؟

وتی: نا هیچ نییە فشەیە. پوللێکی پۆستەم لەو نامەیە دا، کە دەمویست بۆ براکەمی بنێرم لە شاری مانچستەر، لەدڵی خۆمدا وتم، ئەگەر دوو پوللی لێ بدەم، لەوانەیە زووتر بگات و نامەکەش نەفەوتێت.

پێم وت: بەڵام نامەیەکی ناوخۆییە و زیاتر لە پوللێکی پێویست نییە.

وتی: کارمەندی پۆستەش هەمان شتی پێ وتم. پاشان لێی پرسیم، لەبەرچی وام کردووە، ئایا بە نەزانی بووە، بە متمانەوە پێم وت: ویستم لە گەیشتنی نامەکە دڵنیا بم.

پێم وت: کارمەندەکە چی پێ وتی؟

وتی: لە بەراییدا بە کڕی سەیری سیمای کارمەندێکی ئافرەتی کرد، کە لەلای چەپی بوو، وەکو ئەوەی تازە هەواڵی مردنی باوکیم پێ ڕاگەیاندبێت.

وتم: باشە پاشان چی وت؟

وتی: دوای چەند ساتێک لە تاسان، پێی وتم، مانگی داهاتوو لەو کارەم خانەنیشن دەبم، بەڵام پێشتر قەت شتی وام نەبینیووە.

وتم: ئێ دواتر؟

وتی: ویستم لە نووسینگەکە بڕۆم و گوێ بە قسەکانی نەدەم، بەڵام کارمەندەکە وتی: ئێستا دڵنیابە لەوەی، نامەکەت ناگات، ئەگەر بەرگەکەی نەگۆڕیت و یەک پوللی پۆستەی لێ نەدەی.

وتم: باشە بە گوێت کرد؟

وتی: نەخێر

دوای بیست ساڵ، ئەوەم بیر هاتەوە کە لە پۆستە بەسەر بردەرەکەمدا هات، کاتێک لە قسەکردن لەسەر دوو جارپێشوازیکردنی سەرۆکایەتی لە بەغدا بوویەوە، چیرۆکە کۆنەکەم بیر خستەوە و لێم پرسی: ئەرێ بەڕاست ئەو نامەیەی بۆ براکەت نارد، گەیشت؟

وتی: نەخێر

**و: ڕەمزی میرەکانی**

**سەرچاوە: www.azzaman.com**

# ئێران ترسی لە کشانەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەیە

## ڕۆحانی:

## ئەمەریکا هۆکاری سەرەکیی کێشەکانمانە



**خەبات/زانکۆ جاف:**

دوای بڕیاری دۆنالد ترەمپی، سەرۆکی ئەمەریکا بە کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران و سەپاندنی سزا بەسەر تاراندا، لەناوخۆی خۆیدا ئێران ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری بووەوە و بەرپرسانی وڵاتەکەش پاکانە بۆ حکوومەتەکەیان دەکەن و ئەمەریکا بە بەرپرسی یەکەمی کێشە و قەیرانەکانیان دەزانن. لەلایەکی دیکە تاران لەبارەی چالاکییە مووشەکییەکانی وەڵامی ئەمەریکا دەداتەوە و رایدەگەیێنێت، چالاکییە مووشەکییەکانی پێشێلی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش نین و ئەمەریکاش لەو ئاستە نییە لەم بارەوە وانە بە کەس بڵێتەوە.



### قەیرانی ئابووری ئێران

دوای بڕیاری دۆنالد ترەمپی، سەرۆکی ئەمەریکا بە کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران و سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا، وڵاتەکە ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری سەخت بووەوە، کە ڕاستەوخۆ لە ژیان و گوزەرانی خەڵک ڕەنگی دایەوە و بە هۆیەوە لە ماوەی ڕابردوودا، چەندین جار شارەکانی ئێران ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری بووەوە و بەرپرسانی وڵاتەکەش پاکانە بۆ حکوومەتەکەیان دەکەن و ئەمەریکا بە بەرپرسی یەکەمی کێشە و قەیرانەکانیان دەزانن. لەم ڕووەوە مالپەڕی فەرمیی حەسەن ڕۆحانیی سەرۆکی ئێران، پەیوەست بەم قەیرانە ئابووریەی، کە یەخەی وڵاتەکەیانی گرتووە، باس لەوە دەکات، بەراورد بە ساڵانی ڕابردوودا، ئەو قەیرانەی ئەمڕۆ ئێران تێیکەوتووە، قورسترین و سەختترینیانە و لەسەر زمانی ڕۆحانییەوە نووسیویەتی: لە ماوەی 40 ساڵی ڕابردوودا، ئەمڕۆ وڵاتەکەمان ڕووبەڕووی قورسترین قەیرانی ئابووری بۆتەوە. سەرۆکی ئێران وەک پاڵپشتییێک بۆ حکوومەتی وڵاتەکەی لە هێرکردنەوەی جۆرێک لە هێورکردنەوەی دۆخی دەروونی خەڵکەکەی، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە هۆکاری سەرەکیی کێشەکانمان، فشارەکانی ئەمەریکا و شۆینکەوتووانیەتی. بۆیە نابێت لەوەدا لۆمەی حکوومەت بکرێت کە ئەرکەکانی خۆی لەسەر سیستەمی ئیسلامی جێبەجێ دەکات.

### چالاکییە موشەکییەکانی ئێران

بەهۆی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێراندا، وڵاتەکە ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری سەخت بووەوە، کە ڕاستەوخۆ لە ژیان و گوزەرانی خەڵک ڕەنگی دایەوە و بە هۆیەوە لە ماوەی ڕابردوودا، چەندین جار شارەکانی ئێران خۆپیشاندانیان بەخۆوە بینیوە و خۆپیشاندانەکان لە هەندێ شوێنکاتدا تووندوتیژی و بەربەککەوتنی نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی وڵاتەکەی لێ کەوتۆتەوە. ئێران لەبارەی چالاکییە مووشەکییەکانی وەڵامی ئەمەریکا دەداتەوە و ڕایدەگەیێنێت، چالاکییە مووشەکییەکانی پێشێلی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش نین و ئەمەریکاش لەو ئاستە نییە لەم بارەوە وانە بە کەس بڵێتەوە. محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران لە تووێتێکیدا وەڵامی هۆشدارییەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەبارەی چالاکییە مووشەکییەکانی وڵاتەکەی دەداتەوە و ڕایگەیاندووە ناردنی مووشەک بۆ بۆشایی ئاسمان و هەڕەوەها تاقیکردنەوەی مووشەکە بالیستییەکانی ئێران، پێشێلکاری نییە بەرامبەر بە بڕیاری 2231ی ئەنجوومەنی ئاسایش. وەزیری دەرەوەی ئێران لە تووێتەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە، ئەمەریکا لەو پێگەیەدا نییە کە وانە بە وڵاتانی دیکە بڵێت، چونکە خۆشی پێشێلی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان دەکات.

تەوەرە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە تەنیا چاوەڕێی تەواوبوونی ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتی دۆنالد ترەمپ (سەرۆکی ئەمەریکا) دەکەن. چونکە کشانەوەی ئێران لە ڕێککەوتنەکە و هەنگاونانی بچووک بۆ پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە دەستی ئێران بۆ دانوستاندنی داهاتوو لەگەڵ ئەمەریکا بەهێز دەکات، بۆیەش بڕیارەکەی ئێران دەبێ لەسەر بنەمای لێکدانەوەی سوود و زیانەکانی ماندوو لە ڕێککەوتنەکەدا بێ.

### ماندووەی ئێران لە ڕێککەوتنەکە

پاش کشانەوەی تاکلایانەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان کۆمەڵەی 5+1 و ئێران، ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایان چاوەڕێیان دەکرد تارانیش لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێران قەبووڵی ناکات لە یەک کاتدا سزای ئابووریی قورسی لەسەر دابنرێ و بەرنامە ئەتۆمییەکەشی ڕابگرێ. بەڵام ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا ماوەتەوە و دیاریش نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا لێی بکشێتەوە. پرسیار ئەوەیە بۆچی ئێران تاوەکو ئێستا لە ڕێککەوتنەکەدا ماوەتەوە و هەتا کەی لەسەر ئەوە بەردەوام دەبێ؟ هێنری ڕۆم، لێکۆڵەر لە گروپی ئۆراسیا، لە ڕاپۆرتێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)ی ئەمەریکی دەڵێت: نابێ پێمانوابێ ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا دەمێنێتەوە بێ ئەوەی باجی ئەو بڕیارەی هەڵسەنگاندبێ، یان سەرکردەکانی ئەو وڵاتە تەنیا چاوەڕێی تەواوبوونی ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتی دۆنالد ترەمپ (سەرۆکی ئەمەریکا) دەکەن. چونکە کشانەوەی ئێران لە ڕێککەوتنەکە و هەنگاونانی بچووک بۆ پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە دەستی ئێران بۆ دانوستاندنی داهاتوو لەگەڵ ئەمەریکا بەهێز دەکات، بۆیەش بڕیارەکەی ئێران دەبێ لەسەر بنەمای لێکدانەوەی سوود و زیانەکانی ماندوو لە ڕێککەوتنەکەدا بێ.

### ماندووەی ئێران لە ڕێککەوتنەکە

نیگەرانی سەرەکیی حکوومەتی حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران، لەدوای بڕیارەکەی ترەمپ پەیوەست بە ئابووریی ئێران بوو، لە کاتێکدا تەنانەت چەند مانگێک پێش کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەکەش، ئابووریی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی. ڕۆم پێیوایە لە دوای گەڕانەوەی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران دوو خاڵ دەبێ لەبەرچاو بگیرێن، یەکەمیان ئەوەیە هەرچەند سزاکانی ئەمەریکا قورسن، بەڵام هێندەی سزا چەند لایەنەکانی پێشتر کاریگەر نین. خاڵی دووەمیشیان بریتییە لەوەی ئێران دەزانێ کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە ئەوەندەی دیکە ئابووریی وڵات دادەتەپێنێ. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران بە بڕی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە، ئەمەش کەمترە لەوەی ئێرانییەکان چاوەڕێیان دەکرد. هۆکارێکی ئەمە بۆ بڕیارێکی واشنتن دەگەڕێتەوە کە ڕێگە بە هەشت وڵات دەدات بۆ ماوەی شەش مانگ دریژە بە کڕینی نەوتی خاو لە ئێران بدەن، ئەگەرچی ئێران ناچارە نەوتەکەی خۆی هەرزانتر لە نرخەکانی بازاڕ بفرۆشێ، پارەکەشی لە کۆمەڵێک سندوقی تایبەتی وڵاتی کڕیاردا ڕادەگیرێ، بۆ ئەوەی دواتر وەک کاڵا بە ئێران بدرێتەوە؟ کشانەوە لە ڕێککەوتنەکەی 2015یان پێشێلکردنی پاکێجەکە بەشێکی زۆر لە کڕیارە گەورەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ناچار دەکات بۆ فرۆشیاری دیکەی نەوت بگەڕێن، لە لایەکی دیکەوە ئەوروپییەکانیش دەهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی دەبێ واز لە هەوڵەکانی خۆیان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمەکانی یارمەتیدانی ئێران بهێنن. ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا دەیانەوێ کۆمەڵێک میکانیزم بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بە ڕێگایەک لەگەڵ ئێران بازرگانی بکەن کە پێشێلی سزاکانی ئەمەریکا نەکات، یەکێک لەوانەش بازرگانییە بە یۆرۆ.

### چەند هۆکارێکی تر

بەردەوامی تاران لەسەر ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا کە بە پلانی کاری هاوبەشی گشتگیر (JCPOA) ناسراوە، درزی گەورەشی لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپادا دروستکردووە. بە بۆچوونی هێنری ڕۆم، ئەم ناکۆکییەی نێوان واشنتن و ئەوروپییەکان وایکردووە هەنگاوەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێوەیەکی بەرچاو پشتگوێ بخرێ و هەموو هەوڵەکان لەسەر هێشتنەوەی ئێران لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا چڕ بکرێتەوە. ئیدارەی ترەمپ پێشتر ڕایگەیاندبوو هۆکاری کشانەوە لە ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێککەوتنەکە چالاکییە نائەتۆمییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناگرێتەخۆی، لەوانەش بەرنامەی سیستەمی موشەکیی ئێران کە توانای هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمی هەبێ. پێش کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەکەی 2015 واشنتن و زلهێزەکانی ئەورووپا سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەک بوون بۆ سەپاندنی سزا لەسەر بەرنامەی موشەکیی ئێران. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لەدوای دەرچوونی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنەکە، دانوستاندن و هاوئاهەنگییەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا سەبارەت بە بەرنامە موشەکییەکەی ئێرانیش سست بوون، بۆیەش تاقیکردنەوەی سیستەمی موشەکیی ئێران لە مانگی کانوونی یەکەمی 2018هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نێودەوڵەتی لێنەکەوتەوە. کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دانەناوە. ئێران بە کردەوە دیاریکەری حکوومەتی ئیستای عێراقە و سەرکەوتنەکانی سێ ساڵی ڕابردووی ڕژێمی سووریاش دەستی ئەو وڵاتەی بۆ جێبەجێکردنی پلانی هیلاڵی شیعی واڵاتر کردووە، جیا لەمە لە چەند مانگی ڕابردوودا، حکوومەتی ئیسرائیل هۆشداری داوە کە ئێران کارگەی دروستکردنی موشەکی بالستیکی لە لوبنان داناوە. هێنری ڕۆمی دەڵێت ڕەنگە ئێران لە ساڵی 2019شدا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بمێنێتەوە و لە ناو گێژاوی دۆخی سەختی ئابووری وڵاتەکەیدا سوڕبخوات، پێشبینیش دەکات لێکدانەوەکانی ئێران بۆ مانەوە لە ڕێککەوتنەکەدا بگۆڕێن، ئەگەر قازانجی ئابووریی مانەوەکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم ببێتەوە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش چالاکییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەنە ئامانج.




# ڕووسیا سیستەمی بەرگریی مووشەکیی نوێ بەرهەمدەهێنێت

وەزیری بەرگریی ڕووسیا سێرگی شۆیگو ڕایگەیاند، دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی هێزە ئەتۆمییە مەودا ناوەندەکان، دوو سیستەمیە بەرگریی مووشەکیی نوێ کە لە وشکانیدا جێگیردەکرێن، بەردەمدەهێنن. شۆیگو لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەرپرسانی سەربازیی ڕووسیدا، تاوتوێی هەنگاوەکانی دوای کشانەوەی ئەمەریکای لە INF کرد. ناوبراو ئاماژەی بەوەدا، ئەمەریکا بەقوواڵیی زیاتر لە 500 کیلۆمەتر لە سنوورەکانی INF مووشەکی جێگیرکردووە و گوتی، سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمێر پوتین فەرمانی کردووە، ئەم هەوڵە پێویستە بەشێوەیەکی هاوتا بەرپەرج بدرێتەوە"..

شۆیگو ئاماژەی بەوەش کرد کە لەو چوارچێوەیەدا دەست بە کارەکان کراوە کە ساڵانی 2019 و 2020 لەخۆدەگرێت و، گوتی: پێویستە تا 2021 مووشەکی کروزی دوورهاوێژ کە لە وشکانی جێگیردەکرێت لەگەڵ مووشەکی هایپێرسۆنیکی دوورهاوێژ کە لە وشکانی جێگیردەکرێت پەرەیان پێبدرێت. زیادکردنی مەودای سیستەمەکانی مووشەکی کە لە وشکانی جێگیردەکرێن و لە پێشکەوتندایە گرنگییەکی زۆری هەیە.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاندبوو کە وڵاتەکەی تاک لایەنە لە ڕێککەوتنەکەی INF دەکشێتەوە کە پێشنیاری قەدەغەکردنی ئەو مووشەکانە دەکات کە مەودایەکەیان لە 500 بۆ پێنج هەزار و 500 کم و تەوانای هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمیان هەیە و، لە ساڵی 1987 لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتتدا واژووی کردبوو. سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمێر پوتین ئەمەریکای تۆمەتبارکرد بە پێشێلکردنی INF و، ڕایگەیاندبوو: "ئێمەش وڵامی هاوشێوەمان دەبێت. ئەمەریکا هەڵپەساردنی ڕێککەوتنەکەی ڕاگەیاند.



کاوار ئێدلبی

# عێراق لە نێوان ئایدیۆلۆژییەت و فیدراڵییەت

دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا بەدەست کێشە مەزهەبی و تائیفیەوە دەناڵێنێت، عێراق جیا لەوەی کە زیاتر لە نەتەوەیەک تێیدا بوونی هەیە لە هەمان کاتدا زیاتر لە مەزهەبێک و ئاینێکیش تێیدا بوونی هەیە، ئەمەش زیاتر کێشەکانی نێوان پێکهاتە و گەلانی عێراقی قوواڵتر کردووتەوە. لە کاتێکدا شیعەکان زۆرینەوەی وڵات پێکدەهێنن، بەڵام لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە سوننەکان بە پاڵپشتی ئینگلیزەکان و دواتریش لە ڕێگەی کودەتاکانەوە هاتوونەتە سەر تەختی دەسەڵات و حوکمڕانیان کردووەو ڕۆڵی شیعە و کوردیش پەراوێز خراوە، ئەمەش هاندەرێک بووە بۆ زیاتر سەپاندنی دەسەڵاتێکی مەزهەبنشین لە لایەن سوننەکانەوە لە عێراق دا لە ماوەی 82 ساڵ لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا پرۆسەی ئازادی لە ساڵی 2003. بەڵام لە دوای ساڵی 2003 بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق لە نێو ئەنجوومەنی حوکم پێکەوە کاریان بۆ دارشتنەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و شەراکەتی ڕاستەقینەی نێوان هەر سێ پێکهاتەکە دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە چەندین تێبینی لەسەر ڕۆڵی ئەم ئەنجوومەنە و دەسەڵاتەکانی هەبووە، بەڵام ئەم کارکردنە هاوبەشەی نێوان هەرسێ پێکهاتەکە سەرەتایەک بووە بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە نەبوونەوەی ئەو ئەزموونە تاڵەی کە لە ماوەی سەدەی ڕابردوو باڵی بە سەر پێکهاتەکانی عێراقەوە کێشابوو.

سیستەمی فیدراڵیزم لە عێراقدا سەرەتایەکی باشی هەبوو تا ساڵی 2014 کە کورد بەشدارێکی کارای هەبوو لە پرۆسەی سیاسی سەرەڕای تێبینیەکانی و لەسەر ئەم پرۆسەیە و سوننەکانیش بەو شێوە چالاکەی کورد بەشدار نەبوون، بەڵام کۆمەڵێک پۆستیان هەبوو سەرەڕای ئەوەی کەوا هەمیشە وای پیشان دەدا کە پشتگوێخراوە، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ورده ورده سیماکانی ئەو عەقلیەتەی کە لە سەدەی بیستەم حوکمڕانی عێراقی کردووە لە سەدەی بیست و یەکیش بە هەمان شێوە بەردەوامی پێدرا، بەڵام بە فۆرمێکی تر، چونکە ئەو دەستوورەی کە وەک گرێبەستێکی سیاسی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق پەسەند کرا وەک خۆی جێبەجێ نەکرا، هەنگاو بە هەنگاو ئەو فیدراڵییەتەی کە سیستەمە پەرلەمانیەکەی لەسەری بنیات نراوە گرنگی خۆی نەما، چونکە سەرکردە شیعەکانی نێو پرۆسەی حوکمڕانی وا هەستیان دەکرد کە ئەوان لە لوتکەی بە هێزی دان و ئەوانی تر لە لوتکەی بێتهێزی دان، بۆیە لە دوای هاتنی داعش بۆ عێراق و فەتواکەی سیستانی بۆ دامەزراندنی میلیشیا شیعەکان و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای حەشدی شەعبی لە پەرلەمان لە واقیعی سیاسیدا عێراق لە دەوڵەتێکی فیدراڵی بەرەو دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی مەزهەبی هەنگاوی نا، بە درێژایی مێژووی دامەزراندنی مەرجەعیەتی شیعەکان لە نەجەف کە مێژووی دامەزراندنیشی لە مەرجەعیەتی قوم زۆر کۆنترەو دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یازدەهەم، هیچ کاتێک وەک ئێستا مەرجەعیەتی شیعەکان لە نەجەف نەهاتووەتە نێو ملمالانێیەکانی سیاسەت لە عێراقدا تەنانەت حکوومەتی عێراق چاوەڕوانی فەرمان و فەتواکانی مەرجەعیەتی دەکرد بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان، لە هەڵبژاردنەکانی2018 پەرلەمانی عێراقیش مەرجەعیەت داوای لە خەڵک دەکرد کە دەنگ بەوانە نەدەن کە تاقیانکردووەتەوە ئەمەش بەو واتایە دەهات کە مەرجەعیەت دەیەوێت ڕۆڵێکی سەرەکی هەبێت لە گۆڕانکاری حوکمڕانی لە عێراق دا ئەمەش ڕێک ئەو سیستەمە کۆماری و عەلمانیەی ئەتاتورکمان وەبیردەهێنێتەوە لە تورکیا کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا کاتێک سیستەم کۆماری عەلمانی بوو بەڵام لە واقیع دا سوپا پرۆسەی سیاسی بەڕێوە دەبرد کە ئەمەش دواتر وەک چەمک خوێندنەوەی بۆ کرا بەناوی دەوڵەتی قوواڵ "Deep state" ئەوەی لە عێراقیش دا هەیە لە واقیع دا فیدراڵییەت ڕۆڵێکی وای پێنەدراوە ئەوەندەی بە ئایدیۆلۆژیەت دراوە.. لەو کاتەی کە بەڕێز سەرۆک بارزانیش لە نەورۆزی ساڵی 2012 هۆشداری دایە حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی لە هەوڵی تاکڕەوی خۆی دووربگرێت و هەوڵ نەدرێت عێراق بەرەو تاکڕەوی بچێت، چونکە دواجار بە زیانی عێراق دا دەشکێتەوەو دواجاریش قسەکەی سەرۆک بارزانی هاتەجێ و داعش هات بۆ عێراق و یەک لە سەر سێی خاکی عێراقیشی داگیر کرد، ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە هەڵەیەی کە نوری مالیکی پەیڕەوی کرد هاندەر بوو بو ئەوەی عێراق بەو ڕۆژە بگات کە دواتر لە کاتی هاتنی حەیدەر عەبادیش بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران نەیتوانی لە نێو ئەو سیاسەتە ئایدیۆلۆژیە بێتە دەرەوە بەڵکو زیاتر پەرەی پێدرا و بووە هاندەرێک کە کورد پەنا بۆ ریفراندۆم ببات و ببر لە سەربەخۆیی بکاتەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بۆ مانەوەی عێراق بە یەک پارچەیی دەبێت هەوڵ بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم لایەنە بدرێت بە تایبەت لەم کابینەیەی عادل عەبدولمەهدی کە هەم کورد و هەم سوننەش ڤیتۆیان لەسەر ئەرک و هەڵوێستەکانی ئەم کەسایەتییە نەبووە، بەڵام گرنگی کابینەی عەبدولمەهدی لەوەدا دەردەکەوێت کە ئێستا عێراق لە قۆناغێکی تردایە و بە تایبەت دوای ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان هەموو چاوەکان لەسەر ئەوەن کە ئایا عەبدولمەهدی تا چەند سەرکەوتوو دەبێت لەوەی سیماکانی ئایدیۆلۆژیای مەزهەبی شیعی دابماڵێت و لەو سیستەمە ئایدیۆلۆژیە بێتە دەرەوە و بەرگێکی فیدراڵیانە لە بەر سیستەمی سیاسی عێراقدا بکاتەوە و عێراق لەم کێشمە کێشمانە رزگار بکات.

# لە پەراوێزی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

### جوان یونس رۆژبەیانی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان:

# ناکرێ خەمی پارتی بۆ یەکڕیزی ئیستغلال بکرێ و هیچ بەهایەک بۆ هەڵبژاردن و دیموکراسیەت دانەنرێ

### دکتۆر زوبێر ڕەسول مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین:

# پەیوەستکردنی پرسی پێکهێنانی حکومەت بە پرسەکانی دیکەوە وەکو پرسی کەرکووک چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست کرد بە حیساباتی سیاسی نێوان لایەنەکان

### ڕێگر فەرهاد مامۆستای زانکۆ:

# تەجروبەی رابردوو فێری کردووین بیر لە کابینەیەکی بەهێزی نیشتمانی بکەینەوە لە چوارچێوەی دەنگە هەڵبژێردراوەکانی خەڵک، نەک پشتگوێخستنی ئیستحقاقی هەڵبژاردن

**خەبات: تریفە تازاد**

هێشتا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک نەهاتووە لە دوای چەندین کۆبونەوە هێشتا هەندێک لە حزبەکان بە تەواوی بریاریان نەداوە بچ شێواز و میکانزمێک و چ قورساییەک بەشداری حکومەتی داهاتوو بکەن، پلە و پایە و کورسی و دەسکەوت خواست و مەرجی هەندێک حزبە بۆ بەشداری و پێکهێنانی کابینەی نۆیەم. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕێکەوتن و سازان و ئیستیحقاقی ئینتیخابی مەحەک و میکانزمی پکهێنانی حکومەت دەبێت (بۆئەوەی هیچ لایەنێک پەراوێز نەخرێ)، لە سەروبەندی ئەم کێشمەکێشمانە، هەوڵدەدەین بیروبۆچوونی شارەزایان بخەینەڕوو دەربارەی ئەگەر و چۆنیەتی و کاریگەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی خەبات بخەینەڕوو. مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێت: دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز کە توانای ڕووبەڕووبونەوەی تەحەدی و هەڕەشەکانی ناوەخۆ و دەرەکی هەبێت، ئەندامێکی پەرلەمانیش دەڵێت: کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاوی خەڵکی لەسەرە و ئومێدێکە بۆ هاوولاتیان.



جوان یونس رۆژبەیانی

## پارتی دەیەوێت لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بە هاوبەشی ئەم حکومەتە پێک بهێنێت

**جوان یونس رۆژبەیانی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆی حکومەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:** هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی زۆر گرنگ و هەستیاردا تێدەپەڕێت لە سەرو بەندی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چاوی خەڵکی لەسەرە و ئومێدیش بۆ هاوولاتیان و بەو شێوەیە لێی دەڕوانن. کاتێک کە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت هاوولاتیان متمانەی خۆیان بەو لایەنە دەدەن کە پێیان وایە دەتوانیت داهاتووی ولاتەکەیان گەشاوە بکات. لە هەڵبژاردنی ئەیلولی **2018** پارتی دیموکراتی کوردستان براوە بوو و زۆرترین دەنگی لەسەر ئاستی هەرێم بە دەست هێناوە بۆیە داوای لێ دەکرێت کە حکومەت پێک بهێنێت. بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی هەرێم بەتایبەتی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا میللەتەکەمان ئاستەنگ و نەهامەتی زۆری هاتە پێش خەڵکی کورستان شایانی حکومەتێکی بەهێزە، لەم سۆنگەیەوە پارتی دەیەوێت لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بە هاوبەشی ئەم حکومەتە پێک بهێنێت، بەڵام بە لەبەر چاو گرتنی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن چونکە ئەم شێوازە دادپەروەرانەیە و بناغەی دیموکراتییەتە. ناکرێ خەمی پارتی بۆ یەکڕیزی ئیستغلال بکرێ و هیچ بەهایەک بۆ هەڵبژاردن و دیموکراسیەت دانەنرێ و گرنگی و بایەخی خۆی لە دەست بدات. خەڵکی کوردستانیش یەکەم جار نییە کە هەڵبژاردنی ئەنجام دابێت و هەردوو هەڵبژاردەی فیفتی فیفتی و تەوافوق و بنکە فراوانیشی تاقی کردۆتەوە کە بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە باشترین هەڵبژاردە ئەوەیە کە حکومەتێکی بەهێز لەگەڵ لایەنەکانی تر پێکبهێنرێت لەسەر بنەمای ڕێژەی کورسییەکان و هەموو لایەکیش هەوڵی جددی بدەن کە پێکەوە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن بە سەرجەم بیرو بۆچوون و پێکهاتەکانەوە.

### دروست نەبوونی حکومەت و کاریگەری لەسەر حزبەکان

**دکتۆر زوبێر ڕەسول مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:** هەڵبەتە سەبارت بە پەیوەستکردنی پرسی پێکهێنانی حکومەت بە پرسەکانی تر وەکو پرسی کەرکوک چەند پرسێکی تری پەیوەست کرد بە حساباتی سیاسی نێوان لایەنەکان، دەکرا لە دەرفەت و هەلومەرجێکی دیکەدا (دوای هەلومەرجی پێکهێنانی حکومەت)، دانوستان و سازان لەبارەوە بکرابوایە، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزە سیاسیەکانی هەرێم نەگەیشتوونەتە ئاستی متمانە و دڵنیایی، بۆیە گفتوو گۆی فشار خستنە سەر یەکتری لە کاتی پێکهێنانی حکومەتیش دەکرێت شتێکی ئاسایی بێت، چونکە هەر لایەنەو بە دەرفەتی دەزانێت باشترین بەشی خۆی داببڕێت. لە هەرێم بە حوکمی ئەوەی دامووەزگای دستوری یاسایی بەهێزمان نییە کە ئەو پرسە یاسایی و سیاسیەکانی یەکلابکاتەوە، بۆیە هەموو کێشەکان لەسەر یەک کەڵەکە دەبن و دەخرێنە مەزادی گفتوگۆ و بینەو بەردەی حزبەکان. لە بوونی کەلێنێکی وادا هەموو شتەکان تێکەل دەبن و هەندێک جار دۆزینەوەی چارەسەریش بۆیان ئەستەمە، ئەگەر ئەم دۆخەی پێکهێنانی حکومەت هەروا بەکراوەی بمێیتەوە و دوور نییە پەرەبسەنێت بۆ قەیرانێکی سیاسی و دەرەنجامی نەخوازراویشی لێبکەوێتەوە کە گاریگەری هەبێت بەسەر پێوەندی نێوان حزبە سیاسیەکان و دامەزراوە شەرعیەکان.



دکتۆر زوبێر ڕەسول

زیاتر لە میکانیزمێک هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت و حوکمرانی، زۆربەشیان لە بارن بۆ پێکهێنانی حکومەت بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و کومەڵایەتی تایبەتی هەر وڵاتێک، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی دوخێکی ئەوەندە هەستیار دروست بووە وای لێهاتووە میکانیزمی ئیستحقاقی هەڵبژاردن و میکانیزمی زۆرینە و هەتا هاوپەیمانیتیش لەگەڵ لایەنەکانی تری بێجگە لە دوو پارتە سەرەکیەکە نەتوانێت حکومەت دروست بێت. لەو فۆرمە دوو حزبیەدا تەنیا حکومەت کە بتوانێت پێکبهێنرێت حکومەتێکە کە یەکێتی و پارتی تێیدا بێت، هەر فورمێکی تری حکومەت بە بەشداری نەکردنی یەکێک لەو دوو لایەنە کار ناکات و تەواوی پرۆسەی حوکمرانی فەشەل پێدێنێت.

ئەو میکانیزمەی بۆ پێکهێنانی حکومەت لە هەرێمدا بەرکارە هیچ بەهاو ئەرزشێک بۆ دەنگدان و ئیستحقاقی دەنگەکان ناهێلێتەوە. واتا تاچەند ساڵی تریش ئەگەر هەر یەکێک لەو دوو هێزەی دەسەڵاتدار لە پرۆسەی حکومەتدا نەبن حکومەت ناتوانێت کاربکات و دەسەڵاتی لە یەک دوو پارێزگار تێپەر ناکات. هەڵبەتە ئەمەش دروستکراوی دەستی خۆمانە ئەبێت تا زووە خۆمانی لێ ڕزگار بکەین بۆ ئەوەی چەند ساڵێکی تریش دیسان بە ڕەنگێکی تر نەهێتەوە ڕێمان. هەڵبەتە ئەم فۆرمەلە گۆێنەدان بە بەرژەوەندی گشتی شەرعیەتی هەڵبژاردنەکان سەرەتایەکی خراپە بۆ پرۆسەی سیاسی و حوکمرانی خۆمالی لە کوردستاندا تەنیا لە ڕێی دروستکردنی سەرەوەری یاسیاو دروستکردنی دامەزراوەی بەهێزو لاوازکردنی هەژموونی ئولیگارکیانەی سیاسیەکان بەسەر دامەزراوەکانی حوکمرانیدا چارەسەر دەبێت.

### زۆر پێویستیمان بە دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز هەیە

**ڕێگر فەرهاد مامۆستای زانکۆ لەم بارەیەوە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:** بوونی هەر ناسنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بەندە بەبوونی حکومەتێکی بەهێز لە چوارچێوەی بنەمای یاساییەکان کە تیایدا یاسا سەروەرو بەرقرار بێت بەسەر گشت لایەک بە کۆی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی، لەم چوارچێوەیەدا پرۆسە هەڵبژاردنیش دەگرێتەوە کەتیایدا تاکەکانی کۆمەڵگا بەویست و ئیرادەی خۆیان تەعبیر لە ڕای خۆیان بکەن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرو دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتیمانی بەهێز کە توانای ڕووبەڕووبونەوەی تەحدی و هێرشەکانی ناوەخۆ و دەرەکی بێتەوە بەتایبەت لە کاتی ئێستادا کە زۆر پێویستمان بە دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز هەیە چونکە ناوچەکە بەرەو هەڵاقوڵانی تەنگەژەیەکی پێشبینیکراو دەبێتەوە. بۆیە پاشخستن و تەگەرە دروستکردن لە پێک هێنانی حکومەتیش لە قازانجی نەیاران و زەرەری میللەتەکەمان دەشکێتەوەو لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی نانەوەی فەوزای سیاسی و ئابووری و گەشەسەندنی دیاردەی گەندەڵی ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکات.

فیفتی بەفیفتی لەسەردەمێک بوو کەوا گەلی کورد پێویستی بە پێکهێنانی حکومەتێکی خێرا بوو، چونکە یەکەمجار بوو گەلێک دوایی چەندین سەدە لە خەبات و تێکۆشان و شۆڕش و بەرگری لە خۆکردن هەڵسێ بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتێکی خۆیەڕێوەبەری، بەڵام لە ئێستادا و دوایی چەندین هەڵبژاردن ناکرێت بیر لە فەتی بە فەتی بکرێتەوە بەمەنتقی بەهێزی جوگرافیایی لە کاتێکدا گەلی کوردستان خاوەنی یەک خاکین ئەویش خاکی کوردستانە. لە ڕابردوودا



ڕێگر فەرهاد

دابەشکردنی ئەم خاکەش بەسەر دوو ناوچەی زەرد و سەوز هیچ سودێکی نەهێنایەکایەوە بەڵکو لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیشەوە پێگەی هەرێمی کوردستانی لاوازترکرد.

کەواتە تەجروبەی ڕابردوو فێری کردووین بیر لە کابینەیەکی بەهێزی نیشتمانی بکەینەوە لە چوارچێوەی دەنگەهەڵبژێردراوەکانی خەڵک نەک پشتگوێ خستنی ئیستحاقی هەڵبژاردن و فەرامۆش کردنی دیموکراسی بە جۆرێک کە یەک ناگرێتەوە لەگەڵ دروشمی ئەو لایەنانەی کە ئیدعای سۆسیال دیموکراتی دەکەن بۆ پارتەکەیان باشە ئەگەر ئەوەندە بڕوایان بە دیموکراسی بەهێزە و کەسی دیموکراسیبازیان لە خۆی ناوە چۆن و بە چ شێوەیەک دەکرێت ڕەفزی پرۆسەیەکی دیموکراسی وەک هەڵبژاردن بکرێت ئیرادەی خەڵک لەبەرچاو نەگیرێت. لە کاتێکدا تۆ پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەی، بەڵام بیر لە ڕێکەوتنێکی سیاسی بکەیتەوە بەپێی ویستی خۆت پرسیار لێرەیە ئایا ئەوە گەڕانەوەیە نییە بۆ دواوە لە جیاتی بەرەوپێشبردن، وەلامەکەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە. بۆیە باشترین میکانیزم و ڕێگاچارە پابەند بوونە بە ئەنجامی هەڵبژاردن و گەڕانەوەیە بۆ دەنگی ئیرادەی میللەت دەست پێکردنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە بەو گەلەی کە متمانەی پێ بەخشیون.



محەمەد عەلی

## عێراق لە چوارچێوەی ستراتیژی نوێی ئەمەریکادا

بڕیاری عادل عەبدولمەهدی سەرۆکوەزیرانی عێراق سەبارەت بە کشانەوەی تەواوی هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق لە کەرکووک و جێگرتنەوەی بە هێزەکانی لیوای 61ی ئەنجوومەنی وەزیران، هاوکاتە لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەی تایبەت لەنێوان وەزارەتی بەرگریی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا بۆ دووبارە گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان.

هەڵوێستە ئەرێنییەکانی حکومەتی عێراقی تایبەت بە بودجەی ساڵی 2019 و پشکی هەرێم لە بودجە و مسۆگەرکردنی مووچەی فەرمانبەران و هێزەکانی پێشمەرگە، کاریگەریی فشارەکانی ئەمەریکا لەسەر حکوومەتی عێراق دەردەخات بە ئاراستەی باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم و چارەسەرکرنی سەرجەم کێشەکانی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا.

ڕێککەوتنەکەی نێوان عێراق و ئوردن تایبەت بە هەنارەدەکردنی نەوت لە ڕێگەی ئەم وڵاتەوە، لە کاتێکدایە کە (شا عەبدوڵڵا) بە جێبەجێکار و پارێزەری سەرکیی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا هەژمار دەکرێ، بۆیە دەکرێ سەردانەکەی سەرۆک بارزانیش بۆ هەمان مەبەست و هەماهەنگیی زیاتر بێ، ئەم هەنگاوەش کاردانەوەی ڕاستەوخۆی شیعەکانی لێکەوتەوە و لە یەکەم کاردانەوەشدا لەسەر زاری (قەیس غەزعەلی) ڕایانگەیاند، ڕازی نین لەوە زیاتر عێراق ڕادەستی ئوردن بکرێت. هەوڵەکانی هێزە شیعەیەکان بە تێپەڕاندنی پرۆژەیاسایەک بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، مەترسیی شیعەکان دەردەخات لە پلانی داهاتووی ئەمەریکا بۆ عێراق کە سیما سەرەکییەکەی پەراوێخستنی ڕۆڵی ئێران و پاڵپشتیی زیاترە بۆ کورد و سوننەکان، بە تایبەتی هاتنەوەی حیزبی بەعس بۆ شانۆی باسەکان لە ڕێگەی ڕەغدی کچی سەددامەوە، دوو مەبەستی هەیە، یەکەمیان دروستکردنی مەرجەعێکە بۆ سوننەکان و دوومیش ئامادەکردنیانە بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو.

هاوکات چڕبوونەوەی هەوڵەکانی بەهەرێمکردنی پارێزگای بەسرەش، لە کاتێکدایە کە پرۆژەی بەستنەوەی پارێزگا سونییەکان بە ئوردنەوە، زۆرترین باسی لێوە دەکرێت، گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاش بۆ ناوچە سونییەکان، لە کاتێکدایە کە گۆڕەپانی شیعەکانی بە کراوەیی هێشتووەتەوە، لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین، بۆ پاراستنی ناوچە سونییەکانە لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو، هەروەها لە باشووریش مەبەست لێی ڕێخۆشکردنە بۆ پێکدادانی نێوان هێزە جیاوازە شیعەکان.





مرنا باژێران

# (ئاکرێ، رەواندز، ئامێدی) وەک نمونە، خوێندنەکا کورت

دیارکازم



یا خویایە د میژوویا نودا ئەوروپا لسەر دەستێ چینا برژوازێ بچویک ئاقابوە و رێنسانس دریژەپێدەرا وێ بوە، ئەگەر پرسیارەکێ بکەین چینا برژوازا بچویک چیە؟ هەلبەت ژێدەر زۆرن لسەر پێناسەیا ڤێ دەستەواژی، من هەولدا پێناسەکا هەڤپشک بژێدەران ڤە دەمە خۆیاکرن (چینەکا مروڤانە ل جهەکی دژین و بەرژەوەندێن هەڤپشک دگەل هەڤدوو هەنەو گرێدایی چ ئایدلوژیایێن سیاسی و ئایینی نینە پەیوەندییێن وان دگەل کار، کارێ دەستی، خودانێن مانفاکتوران، بازرگانی کرن و پێوەندەی و پەرژەوەندییێن دوو جەمسەر دگەل چینا کریکار و جوتیاران هەنە کو سەر دەستێ وانا شورشا فرەنسی سەرهەلدا، و لدوماهیکی باژێر و مەدەنیەت ئاڤا دەبیت).

ئەگەر ئەم ڤێ تیورا سەری لسەر ڤان سێ باژێران (ئاکرێ، رەواندز، ئامێدی) بسەپینێن یان ڤەکولینەکا زانستی ئەنجامبدین دێ بینین هەمی تایبەمەندییێن چینا برژوازا بچویک دناڤ دا هەنە، بۆ نمونە ل ڤان هەرسێ باژێران ناسناڤێ بنەمالێ هەنە ئەڤجا چ ناسناڤەکا کاری بیت یان بازرگانی بیت.. هتد، هندەکا جاران ناسناڤێن نێگەتیڤانە دهاتنە سەر خەلکی پێ هەلسوکەوتێن وی وەک ناسناڤی ریڤی یان بۆ کەسەکی فێلباز دهاتە دیاری کرن و ل هەرسێ باژێران هەبوویە و ئەڤە بەلگەیە کو دانیشتوانێن ڤان باژێران ملکەچی چ دەسپلێنێن خیلایەتی ئایینی نەبووە مینا باژێرن ئەورپی، یان ڤاڤارتنا بازاڕی، یان هەبوونا مانیفاکتورێن بچوک وەک ئاش پەرەکەر و سولک و چەندێن نمونە هەنە وەک ئەفسەرێن دەستەیا ئازادی ل بارزان هاتبووە راگەهاندن کو خەلکی ئاکرێ و ئامیدیی رەواندزێ تێدابوون مینا میرحاج ئاکرەیی و ئەمین رەواندزی و و عەزەت عەبدولعەزیز ئامیدی)، هەروەها ژلایی کارگێری ڤە کەسێن مەزن خودان شیان بەرهەم ئینیانینە چ ژلایێ مەعرفی ڤە یان ژ لایێ پێشخستنا باژێرێ ڤە.

هەمی دەستەهلاتدارێن بەرێ بە هەمی شیانێن خو دەڤەرا ئاکرێ و ئامیدیی و رەواندزێ کریە مەیدانا شەڕی و بۆ سەرکونەکرنا بزاڤ و شورشێن کوردی و مەرەمەکا دی ژی هەبووە ئەو ژی نەهێلانا مەدەنیەتی بووە کو ب مەترسیدار دەزانی، ول هەر مالباتەکا ڤان هەرسێ باژێران بپرسی چێروک یان سەربورەکا تال دگەل حکومەتێن بەرێ هەبوویە ژ هەموو رووبەکی ڤە کەر... هتد، و دابشبونا خەلکی لسەر گەرەکان و پابەندبونا خەلکی زێدەتر ب بەرژەوەندیان ڤە هاتبووە گرێدان نەک ئۆل یان خێل یان تایفە یان شەر تالانکرن کو وی سەردەمێ وەک رۆژهەلاتناسی دیار دکەن هوزێن کوردان شەرکەربوون و چەندین سالوخەتێن نە جوان داینە پال خێلێن کوردان، ل رەواندز و ئامێدیی دوو میرگەهێن مەزن بۆ دەمەکی درێژ حکومرانی دکر و ئاکرێ ژی پشکەک بووە ژوێ مەدەنیەتێ هەلبەت ئەڤ میرگەهەنە هەڤچەرخ بوون دگەل میرگەهێن ئەوروپی ل ئەوروپا میرگەهان نێگرتن دروستکرن و دولەتێن نەتەوەیی ئاڤابوون هەلبەت ئەو مەدەنیت بوون دولەتێن نەتەوەیی ئاڤاکری، دەما ل فەرەنسا نێکەم گولاڤ بەرهەم ئینا لسەر نقیسی ل فەرەنسا هاتیە دروستکرن ئەو ژی بەرهەمێ باژێران بوە و ل باژێران بەرهەم دروستدەبیت، هەلبەت ل ڤان باژێران ژی سیما و مەدەنیەتیەتا ئەوروپی تێدا دهاتە بەرجەستەکرن، دەمی پاشایی گەورە هەولدایی سنورێن میرگەها سۆران مەزن بکەت هەڤچەر دگەل وی بسمارکی ل ئەلمانیا ئەڤ کارە دکر یان کو ب واتایەکی دی هەبوونا هەستا نەتەوایەتی فاکتر بوویە کو بڤی کاری رابیت پرسیار ئەو بۆ ئەڤ چەندە ل رەواندزی رویدا ژ بەر کو رەواندزێ سیماییێن مەدەنیەتی تێدا بوون، واتا باژێرە دەبیتە ئەگەر بۆ گەلالەبوونا هزر و بیرێن ناسیونالستی، دەمی عوسمانیان میرگەهێن کوردی ژ ناڤبرین ژ بەر هەبوونا هزر و بیرێن ناسیونالستی بوون و رابوون ب بچوککرنا ڤان باژێران لێ ئەو باککرەوندی ناسیونالستی رەنگدانەڤا خۆ هەبوو د میژوویا هەڤچەرخدا و چەندێن نمونە هەنە وەک ئەفسەرێن دەستەیا ئازادی ل بارزان هاتبووە راگەهاندن کو خەلکی ئاکرێ و ئامیدیی رەواندزێ تێدابوون مینا میرحاج ئاکرەیی و ئەمین رەواندزی و و عەزەت عەبدولعەزیز ئامیدی)، هەروەها ژلایی کارگێری ڤە کەسێن مەزن خودان شیان بەرهەم ئینیانینە چ ژلایێ مەعرفی ڤە یان ژ لایێ پێشخستنا باژێرێ ڤە.

هەمی دەستەهلاتدارێن بەرێ بە هەمی شیانێن خو دەڤەرا ئاکرێ و ئامیدیی و رەواندزێ کریە مەیدانا شەڕی و بۆ سەرکونەکرنا بزاڤ و شورشێن کوردی و مەرەمەکا دی ژی هەبووە ئەو ژی نەهێلانا مەدەنیەتی بووە کو ب مەترسیدار دەزانی، ول هەر مالباتەکا ڤان هەرسێ باژێران بپرسی چێروک یان سەربورەکا تال دگەل حکومەتێن بەرێ هەبوویە ژ هەموو رووبەکی ڤە

**19** لڤان باژێران بەنکا گەشەپێدانا کشتوکالی هەبووە خان و تەویلەخانە هەبوونە، هەبوونا ڤان تشتان واتا مەدەنیەت.

حکومەتێن بەرێ هەولدا سیما مەدەنیەتی ل ڤان جهاندا نەهێلیت و هەولدا دووبەرەکێ دناڤبەرا خەلکی باژێر و گوندا دروستبکەت و تێدا سەرکەفت، ل دەستپێکا شورشا ئەیلولی خەلکەکێ زۆر ئەڤ باژێرە بەردان و ب تایبەت کریستیان، چوونە هەولێر و موسل و بەغدا، هەلبەت ل جهێن وان و خەلکی دی یان کو هۆز گوندنشین هاتنە ناڤدا و سیما و سالوخەتێن هوزایەتیێ دگەل خو هاوردە کر، نڤیسەرێ عیراقی عەلی ئەلوەردی دکەت، قوناغا دووێ دەمێ بەعسیان جاشایەتی کریە مودیل و هەبوونا وێ ململانیا دناڤبەرا خەلکی گوندی و باژێری کو تێدا هوزایەتی شیان بالا دەست بن و بەعسیان ژی ئەڤ چەندە دڤیا و یا خویابووە کو بەعسیان هەردەم دڤیا ئەڤ دەڤەرە ناسەقامگیر بن ژ بەرکو سیماییێن مەدەنیەتی و زانستێ تێدا هەبوونە، قوناغا سێ یی نها نەبوونا دلیڤەێن کاری و زۆربوونا هەوجەدارێن مروڤی نەخاسمە د پشتی تەکنولوجی بلەز هاتە ناڤ مەدا، نها خەلکێ ڤان باژێران یێ کوچ دکەت و بڤێ کوچێ دی باژێر و مەدەنیەتا کوردی بەر ب مرنێ چیت.

# سالّی 2019 و تیرۆر

ئەماندا ئیریکسۆن

دابەزینی ئاستەکانی تیرۆر بە درێژایی سالّی **2018** لە خالّە رۆشنە دەگمەکانی ئەو سالّەدا بوو. ئەو راگەیاندراوانەی زانکۆی ماریلاند بلاّوی کردوونەتەوە دەربخستووە، ژمارەی هێرشەکانی تیرۆریستیی سالانە و لە سالّی **2015**ەوە رووی لە دابەزینە، بەلاّم لەوانەیە ئەوەیان لەسەر سالّی **2019** پیادە نەبێت. شارەزایان وای دەبینن، هۆکاری پاشەکشەکردنی هێرشەکانی تیرۆریستیی لە ئەورووپا بە شێوەیەکی تایبەت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، داعش شوێن پێی لە کێشوەرەکە لەدەست داوە. براین لیڤین، سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەی رق لێبوونەوە و توندڕەوەی لە زانکۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا دەڵێت، داعش لە سووریا و عێراق زەبری کوشندەی بەرکەوت و تووشی زیانێکی زۆر بوو، بەشێکی زۆری گۆڕەپانی خۆیشی لەدەست داوە، رێکخراوی ناوبراویش بەئەستەم دەتوانێت خەڵکی بۆ خۆی راکێشێت و مەشقیان پێ بکات، بۆیە توانای ئەنجامدانی هێرشی گەورەی نەماوە. بەلاّم بزاوی توندڕەوی دیکە لەناو نەچوونە و دووریشە لەوەی لەناو بچن. تۆێژەران دەڵێن، توندڕەوان ئەوان خاوەن مێشکی هاوشێوەن، ئێستا بەزۆری لەسەر ئینتەرنێت یەک دەگرنەوە، پەیوەندی لەنێوان خۆیاندا دروست دەکەن و کێشەی بچووک لەخۆ دەگرن، لەجیاتی ئەوەی لە گرووپی گەورە کار بکەن. ئەوانەش لەمیانی رۆیشتن لەسەر رێچکەی تونڕەوی، هانی یەکێتری دەدەن، ئەو توندڕەوانەش بە زۆری کێشەی تاکەکەسی و خۆماڵی هانیان دەدات، وەکو کێشەی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا (بڕێکست)، یان بزاوی مانگرتووان لە هاوسەرگیری، بۆیە کەمتر گوێ بە کێشە گەورەکان دەدەن، کە جیهانیان تەنیووە، وەکو جەنگەکانی ئایینی. لە سالّی **2019**دا، لەوانەیە ئەو کێشە بچووکانە، کە



پێشبینی ناکات، هێرشی زۆر بە ناوی داعشەوە بکرێت، دەشڵێت، بەلاّم بەلامەوە سەیر نابێت، ئەگەر ژمارەی هێرشەکان زیاتر ببێت، ئەوانەی تاکەکان ئەنجامی دەدەن، ئەوانەی بێ پێشبینی کردنیان روو دەدەن، وەکو ئەوەی لە هیچەوە پەیدابووبن.


**و: رەمزی میرەکانی**

هەو بڕی نامەی ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
پێنج شەمە 2019/2/7 ژمارە (5689) www.xebat.net
خەبات

## پارتی پیرۆزبایی ساڵیادی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەکات

# ڕەوشی سیاسی و هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکرێ







بەڕێز ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و بەڕێز لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی ساڵیادی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکەن و دەخوازن هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان بە یەکەوە ئەزموونی کوردستان بپارێزن.


سەر لە بەیانی دوێنێ، کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەڕێز ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەڕێز لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاریان سەلاحەدین و ئاری نانەکەلی کارگێڕانی لق،سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان کرد و لەلایەن سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو سەردانەدا شاندی پارتی وێڕای پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا و ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان خرایەڕوو. هەر لەم دیدارەدا عەلی حسێن بەڕێز سەرۆکی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئایندەی سیاسی و حکومڕانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی دیکە لە هەماهەنگی نێوان هەردوولا بێتە کایەوە کە لە بەرژەوەندی ئەزموونی دیموکراسی و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان خزمەتکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان کرایەوە.

هەروەسا سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیا پارتی و بەڕێز لقا ئێک ب یاوەریا شاندەکی ژ کارگێڕێن لقێ سەرەدانا مەلبەندێ سێ یا ئێکگرتوو ئیسلامی ل دهوکێ کر، بەڕێز لقێ بناڤێ خۆە و کارگێر و ئەندام و لایەنگرێن پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزباهیا سالڤگەرا دامەزراندنا ئێکگرتوو ئیسلامی کر، هەروەسا گوت: هیڤیدارم هەر بیرەوەریەک و هەلکەفتەک ب بیتە هێڤێنێ ئێک ڕێزیی و ئێکگرتنا میللەتێ کورد و ئەم ب ڤێ ئێک ڕێزیێ و ئێک گوتاریا میللەتێ کورد د شێێن زال ببین لسەر هەمی ئاستەنگان.

هەر بڤێ هەلکەفتێ، شاندەکێ لقی9ێ پارتی دیموکراتی کوردستان ب سەرپەرشتیا سەباح بەیتوللا بەڕێز لقێ 9سەرەدانا بارەگایێ مەلبەندێ 9ێ یەکگرتوویا ئیسلامی یا کوردستانێ ل ئاکرێ دا و ژلایێ بەڕێز و دەستەیا مەلبەندی ڤە ب گەرمی هاتنە پێشوازیکرن. دروینشتنەکێ دا و ب هەلکەفتا ڕۆژا دامەزراندنا یەکگرتوویا ئیسلامی یا کوردستانێ بەڕێز لقێ 9 بناڤێ لقێ 9پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزباهیێن خوە ئاراستەیی بەڕێز وەدەستەیا مەلبەندی کرن وهیڤی خواست کو ئەڤ یادو بیرەوەری یە پتر ببنە هاندەر و پشتەڤان بو ئیککرێزیا میللەتێ کورد و خویا ژی کر کو ئەڤرۆ پتر هەمی ڕۆژەکێ هەمی لایەنێن سیاسی یێن کوردستانێ پێدڤی ب ئێککریزێ هەیە چونکە دەڤەر یا د قوناغێن هەستیار دا دەرباز دبیت و چاڤەرێ ژی دهێتە کرن کو گورانکاریێن مەزن بهێنە ڕوویدان و ئەم کورد وکوردستانی ژی بۆ بەرژەوەندیا گەلێ کوردستانێ مفایی لڤان گورانکاریان وەربگرین چونکە ب ڕێکخستنا ناڤمالا کوردی و ئێک ووتار و ئێک هەلویستیا نەتەوی ونیشتیمانی دێ کارین تەڤایا مافێن ڕەوا و یاسایی یێن گەلێ کوردستانێ بدەستڤە بینێ کو ئەڤە ژی هیڤی و ئۆمێدا تەڤایا کورد وکوردستانییێن دلسوز و نیشتیمانپەروەرە ، ژلایێ خوڤە بەڕێز وەدەستەیا مەلبەندێ 9 ێ یەکگرتوویا ئیسلامی یا کوردستانێ سوپاسیا بەڕێز لقێ 9و شاندێ یاوەر کر.

## کونسوڵی ژاپۆن ئامادەیی حکوومەتەکەی بۆ بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ پرۆژەکانی کارەبا دووپاتدەکاتەوە



بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە کارو پرۆژەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان کە لەسەر قەرزی ژاپۆنی جێبەجێ دەکرێت، دوێنێ هۆگر شاڵی بریکاری وەزارەتی کارەبا پێشوازی لە کاتسومێ موریاس کونسوڵی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان و نوێنەری ڕێکخراوی undpو شاندی یاوەری کرد.

لە دانیشتنێکدا کە ڕاوێژکارانی وەزارەت ئامادەیبوون کونسوڵی ژاپۆن وێڕای سوپاس و پێزانینی بۆ وەزارەتی کارەبا لەبەرامبەر ئەو کارئاسانی و هاوکارییەی پێشکەشی تیم و کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی کراوە ئامادەیی حکومەتەکەی ڕاگەیاند بۆ بەردەوامبوون لە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ پرۆژەکانی کارەبا.

هەروەها داوای لە وەزارەتی کارەبا کرد پێکەوە کار بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ئەو پرۆژانە بکەن کە لەسەر قەرزی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

لەلایەن خۆشیەوە هۆگر شاڵی بریکاری وەزارەتی کارەبا سوپاسی حکومەتی ژاپۆن و ڕێخراوی جایکای کرد کە ڕۆڵیان هەبووە لە تەواوکردنی چەند پرۆژەیەکی نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کارەبا و بەڕەو پێشچوونی کارەکانی پرۆژەی دێلەلۆک.

## بۆ یەکەمجارە قوتابیانی پەیمانگەی هیوای نابیستان لە قوتابخانە ئامادەییەکان وەردەگیرێن



**خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:**

لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی یوسف چاوشین بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر و بەشدار عەبدولخالق بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرو نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێرو بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی پیشەیی، مەڕاسیمی وەرگرتنی قوتابیانی پەیمانگای هیوای نابیستانی سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئامادەیی پیشەییەکان و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەچوو. لە وتەیەکدا بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕوونیکردەوە: لێرەوە سوپاسی وەزارەتی پەروەردە دەکەین بۆ وەرگرتنی ئەو 24قوتابیانە کە بریتییە لە 10قوتابی کوڕو 14قوتابی کچ بۆ ئەوەی ئەو قوتابیانەش وەکو قوتابیانی دیکە دریژە بە خوێندنی خۆیان بدەن وەک مافێکی سروشتی خۆیان، دیارە ئەو مافەش لە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ئەو ڕێکەوتننامەیەش نێودەوڵەتیەو مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکانەو لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ڕێککەوتووین کە چەند مامۆستای زمانی ئاماژەیان بۆ تەنسیب بکەین و دواتریش خولی زمانی ئاماژە بۆ مامۆستایانی پەروەردە بکرێتەوە. دواتر بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێریش وتەیەکی پێشکەش کردو ئاماژەی بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوو وەزارەت درا.

## سلێمانی... دوو تۆمەتبار بە تاوانی جیاجیا دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیدا ئاشکرا کرد، کە لە سنووری سلێمانی دوو کەسیان دەستگیر کردووە، کە لەلایەن دادگاوە داواکراو بوونە. دوێنێ، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا هاتووە: هێزەکانی بنکەی پۆلیسی سەرا تۆمەتبارێکیان دەستگیر کرد، کە هاوواڵتیانی فریوداوە و فێڵی لێکردوون، هەروەها بەناوی کەسانی دیکەوە پارەی لە هاوواڵتیان وەرگرتووە و هەڵاتووە. باس لەوەش کراوە: دوای ئاگادارکردنەوەی هێزەکانی پۆلیس لە پلانێکدا و دوای وەرگرتنی زانیاری لەسەر تۆمەتبار، توانرا لەلایەن هێزەکانی بنکەی پۆلیسی سەراوە (ر، ج، س) دەستگیر بکرێت و ئێستا بەبڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 456لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوە. پۆلیسی سلێمانی لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئەوەشی خستووەتە ڕوو: هێزەکانی بنکەی پۆلیسی کوردسات تۆمەتبارێکیان دەستگیر کرد، کە بەڵگەنامەی تەزویر کردبوو، هەروەها بازرگانی بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە کردبوو.

## لە سێ ڕووداوی هاتووچۆدا 13 کەس بوونە قوربانی



دوێنێ، پەیجی ترافیک ئێف ئێم سەر بەبەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی ڕایگەیاند، لە ماوەی 24کاتژمێری ڕابردوودا لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین و قەزای کۆیە 13 کەس بوونەتە قوربانی. ڕادیۆی ترافیکی ئەوەشی خستووەتەڕوو لە ئەنجامی سێ ڕووداوی هاتوچۆدا لە سنوری سلێمانی و گەرمیان کەسێک گیانی لەدەستداوە و 12کەسیش بریندارببوون.

## گەرمیان... کۆنفرانسێک لەسەر کەشوهەوا و کشتوکاڵ بەڕێوەچوو



**خەبات ـ سەربە یوسف:**

دوێنێ لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار کۆنفرانسیکی تایبەت لەسەر کەمئاوی و کاریگەریەکانی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ بۆ پسپێۆرانی ئەو بوارە بەڕێوەچوو.

لەو بارەوە، دکتۆر یادگار عەلی، مامۆستای پەیمانگای تەکنیکی کەلار و ڕێکخەری کۆنفرانسەکە بەخەباتی ڕاگەیاند: وەک پەیمانگای تەکنیکی کەلار، بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان و زانکۆی گەرمیان، کۆنفراسێکی یەک ڕۆژەمان سازدا. وتیشی: لەسەر گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوا و کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەی گەرمیان، باسێک لەلایەن دکتۆر ڕەفعەت عەبدولموتەلب پێشکەش کرا، بەندەش باسێکی پێشکەش کرد لەسەر ڕۆلی پەروەردەی ڕوەک لە زیاد کردنی بەرگری کەمئاوی.

ئەوەشی خستەڕوو، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیانیش ئامادەی کۆنفرانسەکەبوو، هەروەها باسێکی سەبارەت بە ڕۆڵی دامودەزگاکان لە چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی پێشکەش کرد.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/2/7 ژمارە (5689)

# بەرپرسی لقی دوو ستایشی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکات



بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ستایشی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پۆلیس دەکات لە پاراستنی ئارامی و هێمنی پایتەخت.

دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئاری نانەکەلی کارگێڕی لقی دوو، لەگەڵ هەڤالانی پارتی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسی لقی دوو ستایشی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پۆلیسی کرد لە شەونخوونیان بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایشی پایتەخت، ئەو ئارامی و هێمنیەی لە ناوچەکە سەرنجی هەموانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو بۆتە لانەی حەوانەوەی ئاوارەو کۆچبەران. لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسی لقی دوو سوپاسی هێزەکانی کرد کە توانیان لە ڕۆژانی هەڵبژاردندا ئارامی پڕۆسەکە و سەلامەتی هاوڵاتیان بپارێزن.

خزمەتکردنی زیاتری هاوڵاتیان لە ڕاییکردن و کارئاسانی بۆ کاروبارەکانیان،هاوکات بەهاناوەچوونیان لە ڕووداوەکاندا بەشێکی دیکەی قسەکانی بەرپرسی لقی دوو بوو لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پۆلیس.

# بەرپرسێ لقا ئێک پێشوازی ل نوینەرێ 26 قوتابیێن خواندنا ماستەرێ دکەت



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک پێشوازی ل نوینەرێ 26 قوتابیێن خواندنا ماستەرێ یێن زانکویا دهوک کر. ئەڤ قوتابیە نوکە ژ بۆ فەکولین و چارەسەرکرنا نەخوشێن دەرونی پێت خوشک و دایکێن ئێزدی دێکەن ژ لایێ دەرونی قە، گلەو و گازندێن خوە ل دور خواندنا ماستەرێ گەهاندن و بەرپرسێ لقێ ب هیری گوهدارێ گلەو و گازندێن وان بوو و دا دیار کرن دێ هەمی شیانا دەیینە کاری بۆ چارەسەرکرنا پرس گرێییێن هەوە، نوینەرێ قوتابیان سوپاسیا پشتەفانی و هاریکاریا بەرپرسێ لقێ کر.

# دارا جەلیل خەیات: هەنگاو دەنێین هەوڵێر ببێتە ناوەندی ستراتیژییەتی ئابووریی ناوچەکە



سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، باس لەوە دەکات کە ئومێدیان بەوە هەیە هەنگاوەکانی بەهێزکردنی پێگەی ستراتیژیی ئابووریی کوردستان خێراتر بکەن و دەشڵێت، زۆرێک لە وڵاتان ئامادەییان بۆ وەبەرهێنان لە کوردستاندا دەربڕیوە.

دارا جەلیل خەیات، بۆ مالپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستان، گوتی: چەند ڕۆژ پێش ئێستا سەرۆک بارزانی لەسەر بانگهێشتی تایبەتی پاشای ئوردن لەو وڵاتە بووە و ئوردن دەیەوێت پەیوەندیی باشی لەگەڵ کوردستاندا هەبێت، کە وڵاتێکی گرینگە لە ناوچەکەدا و بە هەمان شێوە دەوڵەتانی عەرەبییش دەیانەوێت لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانیان بەهێزتر بکەن، کە بێگومان ئەمانە کاریگەریی باشیان لەسەر ئابووریی کوردستان دەبێت.

خەیات گوتیشی: گەشبینین بەوەی وڵاتانی عەرەبی خەڵکی خۆیان هان بدەن لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئێمەش دەبێت هاوکاریان بکەین و ببینە لایەنێکی باش لەو نێوانەدا، هەروەها گرینگە یاسا ئابووریەکانی کوردستان لەگەڵ پێشکەوتنی کوردستاندا بگونجێنرێن، بە تایبەت دەوڵەتە عەرەبییەکان کە دەیانەوێت بێنە پێشەوە.

دەشڵێ: ژووری بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان و وەبەرهێنەرانی کوردستان، پەیوەندیی باشیان لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان دروست کردووە، چەند مانگێک پێش ئێستایش شاندێکی بازرگانیی سعوودیە هاتنە کوردستان و هیوادارین ئەو پەیوەندییە بەهێزتر بکرێت، بە هەمان شێوە ئێرانیش پێی خۆشە پەیوەندیی لەگەڵ کوردستان لە ڕووی ئابووریەوە باش بکات و هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێرانیش بۆ کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ وەبەرهێنەرانی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەت، دەرخەری پەرۆشیی ئێرانە لەو ڕووەوە، هەروەها وڵاتانی دیکەیش بە هەمان شێوە، بە تایبەت هەنگاوەکانی ئەم دواییەی میسر بەرانبەر بە کوردستان، دڵخۆشکەرن.

سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئاماژە دەدات: ئومێدمان بەوە هەیە هەنگاوەکان بەو ئاراستە بنێین کە هەوڵێر ببێتە ناوەندی ستراتیژی و گرینگی ئابووریی ناوچەکە و دەبێت ئێمەیش بە جیددی هەوڵی بۆ بدەین.

# بەرپرسی لقی11 ستایشی ڕۆڵی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دەکات



ڕۆژی سێشەممە 5/1/2019 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق لە بارەگای لقی 11لە ڕانیە پیشوازیی کرد لە سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. لە دیدارێکدا باس لە ڕەوشی خوێندن لە کوردستان و ماف و ئەرکەکانی قوتابیان کرا.

بەرپرسی لقی11ی پارتی ستایشی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری ڕێکخراوی یەکێتی قوتابانی کوردستانی کرد لە خەباتی پیشەیی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی قوتابیان و هەم لە خەبات و ڕۆڵ و بەشداریی ئەو ڕێکخراوە لە داکۆکیکردن و بەرگریکردن لە مافی ڕەوای گەلی کوردستان، کە هەمیشە وەک ڕێکخراوێکی پێشەنگ لە کوردستان خۆی سەلماندووە.

## لە زێی گەورە تەرمێکی نەناسراو دۆزرایەوە

**مسلم دۆلەمەری - بارزان:** لە ڕووباری زێی گەورە لەنزیک گوندی ڕێزانی سەر بە ناحیەی بارزان لە کاتی ماسیگرتن لەلایەن چەند هاوڵاتیەکی دەڤەرەکە، تەرمێکی نەناسراو دۆزرایەوە، دوای ئەوەی پۆلیسی شارۆچکەی بلێ ئاگادار کرایەوە، پۆلیسی بەرگری شارستانی بلێ گەیشتنە شوێنی دیاریکراو و تەرمەکەیان گواستەوە نەخۆشخانەی گشتی بلێ. شایانی باسە وەکو دیارە تەرمەکە لە ڕەگەزی نێرەو لە شوێنێکی دوورەوە بەئاوەکە داهاتووە و وەتاکو ئێستاش خاوەنی پەیدانەبووە.

# پرسە و سەرەخۆشی

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان**

**بەڕێز کاک کەریم وەلی**

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول عومەر وەلی مستەفا. ی کوڕی شەهید مام وەلی مستەفا و برای بەڕێزتانمان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**إنا لله و إنا إليه راجعون**

**بارەگای بارزانی**

***

**هەڤالی بەڕێز کەریم وەلی مستەفا**

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، برای بەڕێزتان خوالێخۆشبوو عومەر وەلی مستەفا.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەر و کوردپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و کەسوکار و هەڤالانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبویش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

**إنا لله و إنا إليه راجعون**

**مەکتەبی سیاسی**

***

**هەڤالی بەڕێز کاک کەریم وەلی**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، خوالێخۆشبوو عومەر وەلی مستەفای برای بەڕێزتانمان پێگەشت.

هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە کوردپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و کەسوکار و هەڤالانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی برای کۆچکردوتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

**إنا لله و إنا إليه راجعون**

**دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

# سوپاس و پێزانین

بە ناوی مالباتی خودالێخوشبوو شیرزاد مەلا تاهر مەلا قەسیم باوانی، سوپاسی هەموکەسوکار و دۆست و هەڤالانمان و کەسایەتییە بەڕێزەکان دەکەین کە بەشداربوون لە پرسەکەماندا بە بەشداریتان لە خەمەکانمانتان کەمکردەوە. زۆر سوپاسی هەمو دەزگاکانی پارتیمان دەکەین کە لەم پرسەیەدا بەسەریان کردینەوە، بە تایبەتی مەکتەبی ڕێزدار جەنابی نێچیرڤان بارزانی، مەکتەبی ڕێزدار جەنابی مەسرور بارزانی، مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەڕێز، لقی 16ی بەڕێز، لقی 9ی بەڕێز، دەزگای بالای ئەیلوولی بەڕێز، لقی 6ی بەڕێز، هەڤالانی مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندی، هەڤالانی لە مەکتەبی دارایی بەڕێز، ئیدارەی مەکتەبی سیاسی بەڕێز، هەڤالانی لەشکری تایبەت، لێژنەی ناوچەی هۆڵەندای بەڕێز، لێژنەی ناوچەی پیرمامی بەڕێز. سوپاسی هەموخزم و دۆست و هەڤالان دەکەین کە لە هۆڵەندا سەردانیان کردین و یارمەتیان داین تاکو بەڕێکردنی تەرمی خوالێخۆشبوو.

بەشدار و هاوبەشیان لەم خەمە ئازارەکانی کەمکردین، خودای گەورە پاداشتی هەموو لایەکتان بدات و بێبەش بن لە کۆست و خەمی وا نەهێنێتە ڕیگای هیچ کەسێکتان.

**لەگەل ڕێز و سڵاوماندا**

**لە جیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو**

**سڵاحەدین مەلا تاهیر مەلا قەسیم باوانی**

# بانکی نێودەوڵەتی کار بۆ هێنانەدیی وردبینی دادوەری دەکات



**خەبات ـ ڕسول سالح خۆشناو:**

بەمەستی پەرەپێدانی زیاتر بە توانای وردبینانی دارایی، بانکی نێودەوڵەتی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی هۆتێلی ڕۆتانا، وۆرکشۆپێکی لەژێر ناوونیشانی وردبینی دادوەری ڕێکخست.

لەمبارەیەوە موحسین محەمەد بەڕێوەبەری مەشق و ڕاهێنان لە دیوانی چاودێری دارایی بۆ خەبات، گوتی: یەکێک لە ئەرکەکەکانی دیوانی چاودێری دارایی پەرەپێدانی ئاستی توانستی زانستی کارمەندانێتی، بە تایبەتی وردبینان. لەم سۆنگەیەوەش بە هاوکاری بانکی نێودەوڵەتی و دەزگای وردبینی کۆریای باشوور، پرۆسەی گۆڕانکارییەک لە شێوازی کارکردنی وردبینی ئەنجامدرا، بە شێوەیەک ئەرکی دیوانی چاودێری دارایی، جگە لە کاری وردبینی، کاری دادوەریش بگرێتەوە کە ئەمەش لە زانستی وردبینی لە جیهاندا بابەتێکی نوێیە. گوتیشی: بۆیە بۆ پتر ئاشنابوون بە چەمکی وردبینی دادوەری، دوو وۆرکشۆپ و سەردانێکی مەیدانی ئەنجام دەدرێت، کە وۆرکشۆپی یەکەمیان لە دیوانی چاودێری دارایی ئەنجام درا بە بەشداری سەرۆکی دەستەکانی وردبینی و سیمیناری دووەمیش لە ڕۆژانی 7/2/2019- 6 بەڕێوەدەچێت و هەروەها بڕیارواید لە داهاتوودا و لە سەردانێکی مەیدانیدا چەند کارمەندێکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم، سەردانی وڵاتی کۆریای باشوور بکەن و لە نزیکەوە شارەزای شێوازی کارکردنیان لە بواری وردبینی دادوەری بکەن.

# هەفتەی داهاتوو بڕیار لەبارەی شێواز و پلانی وەرگرتنی قوتابیان بۆ ساڵی نوێی خوێندن دەدرێت



یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئامادەبونی ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت، لە کۆبونەوەیەکدا پلان و بەرنامەکانی وەزارەت تایبەت بەوەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیان بۆ ساڵی خوێندنی 2018-2019 گفتوگۆی لەبارەوە کرا، هەروەک چەند بابەتێکی گرنگ و پەیوەست بە شێوازی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان خرایەڕو و بەرنامەی پێویستیان لەبارەوە بۆ دانرا.

لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی باسێکی لەبارەی سیاسەت و بەرنامەی وەزارەت و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی پێشکەش کردو، دوپاتیکردەوە لەکۆبونەوەیەکدا بەسەرپەرشتی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی شێواز و پلانەکانی وەرگرتنی خوێندکاران/قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ ساڵی نوێی خوێندن تاوتوێکرا.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 5/2/2019بەسەرپەرشتی د. یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئامادەبونی ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت، لە کۆبونەوەیەکدا پلان و بەرنامەکانی وەزارەت تایبەت بەوەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیان بۆ ساڵی خوێندنی 2018-2019گفتوگۆی لەبارەوە کرا، هەروەک چەند بابەتێکی گرنگ و پەیوەست بە شێوازی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان خرایەڕو و ئامانج لەم کۆبونەوەیە دانانی میکانیزم و پلانی وەرگرتنە بۆ ساڵی نوێی خوێندن، بە شێوەیەک پلانەکان هاوتەریب بێت بۆ سودی دەرچوان و پێداویستی زانکۆ و پەیمانگەکان و پێداویستیەکانی بازاڕی کاری کوردستان.

لەبەشێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا بڕیاردرا هەفتەی داهاتوو لە کۆبونەوەیەکی لێژنەی باڵای وەرگرتن شێواز و بابەتەکانی تایبەت بە پلانی وەرگرتن بۆ ساڵی نوێی خوێندنی 2018-2019 گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت و بڕیاری پێویستیان لەبارەوە بدرێت.

**محكمة المواد الشخصية في الشمال**

اعلان

الى المدعو : عادل خديدا جردو

لةلب المقدم من قبل المستدعي (خديدا جردو عباس) **المتضمن نصبه** قيما عليك ولمجهولية محل اقامته في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في **صحيفتين** محليتين **للحضور** امام المحكمة ولك **الاعتراض** على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم **حضورك** سوف تتخذ المحكمة الاجراءات **ضدك** وفق **الاصول**.

**القاضي** الاول / سعود حمود

* * *

**دادگای باری کەسی مەولێر/٣**

**ژمارە: ٥٢٧٤/ش٣/٢٠١٨**

**رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٥**

**جاردان**

**بۆ/ داوالێکراو (هبة خالد سليم) شوێنی دانیشتنت نادیارە**

داواکار (کارزان **صدقی** عمر) لە داوای ژمارە (٥٢٧٤/ش٣/٢٠١٨)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (المشاهدة) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشاری مختاری (مەولێر/ نێرگن) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بەبڕیاری پاشملە بەمۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی وە مافی نارەزایی و پێداچوونەوت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بەپێچەوانەوە بڕیاری پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ **صباح** قادر كاملا

* * *

**سەرۆکایەتی لێژنەی یەکەمی زەوی دەست**

**بەسەراگرتن لە مەولێر** **ژمارە: ١٢**

**رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٦**

**ئاگاداری**

لەسەر داوای هاوڵاتی (اسود بكر عبدالله امين) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان مەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو- لە (بكر عبدالله محمد) بۆ (بكر عبدالله امين) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢٠٢ ، ٣٥٧ ، ٣٠٥ ، ٢٩٤ ، ٢٠١) کەرتی ٥٩/بۆگ , کە لەسالانی تەسویە بەمەلە تۆمار کراون , پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٢/٢١) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لێژنە

* * *

**سەرۆکایەتی لێژنەی بڕیاری ٢٢٢ سالّی ١٩٧٧**

**ژمارە: ٤٢**

**رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٦**

**ئاگاداری**

ئاگاداری خاوەن پارچە زەوی ژمارە (١٣١) کەرتی ٥/کوردین هاوڵاتیان (**ازاد ابوبكر خضر**) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بڕیاری ٢٢٢ سالّی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کۆڕاندنەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەڕێوەبەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران بۆ مەبەستی دروستکردنی پرۆژەی (ازاد)ی گەشتیاری جا بە خۆتان یان بەرپکردارتان ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٢/٢١ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە ئەگەرنا بەپێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

**د.عبدالرحيم عمر مصطفى**

سەرۆکی لێژنە

* * *

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر

دادگای باری کەسینەی سۆران

ژمارە: ١٤/ش/ ٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٩

بۆ/ داوالێکراو ( نزار علی حسن) شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

**پێراگەیاندن**

داواکار (ژیان سالح حسن) داوای ژمارە (١٤/ش/٢٠١٩) لەسەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان کە تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و مافی نارەزایی بەمۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی وە مافی نارەزایی و پێداچوونەوت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بەپێچەوانەوە بڕیاری پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ **صباح** قادر كاملا

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی یەکەمی زەوی دەست

بەسەراگرتن لە مەولێر ژمارە: ١٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٦

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوڵاتی (اسود بكر عبدالله امين) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان مەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو- لە (بكر عبدالله محمد) بۆ (بكر عبدالله امين) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢٠٢ ، ٣٥٧ ، ٣٠٥ ، ٢٩٤ ، ٢٠١) کەرتی ٥٩/بۆگ , کە لەسالانی تەسویە بەمەلە تۆمار کراون , پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٢/٢١) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لێژنە

* * *

سەرۆکایەتی لێژنەی بڕیاری ٢٢٢ سالّی ١٩٧٧

ژمارە: ٤٢

رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٦

ئاگاداری

ئاگاداری خاوەن پارچە زەوی ژمارە (١٣١) کەرتی ٥/کوردین هاوڵاتیان (**ازاد ابوبكر خضر**) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بڕیاری ٢٢٢ سالّی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کۆڕاندنەوەی پارچە زەوی ئاماژە پێکراو بۆ بەڕێوەبەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران بۆ مەبەستی دروستکردنی پرۆژەی (ازاد)ی گەشتیاری جا بە خۆتان یان بەرپکردارتان ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٢/٢١ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە ئەگەرنا بەپێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

**د.عبدالرحيم عمر مصطفى**

سەرۆکی لێژنە

* * *

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر

دادگای باری کەسینەی سۆران

ژمارە: ١٤/ش/ ٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١/٢٩

بۆ/ داوالێکراو ( نزار علی حسن) شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە

**پێراگەیاندن**

داواکار (ژیان سالح حسن) داوای ژمارە (١٤/ش/٢٠١٩) لەسەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان کە تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و مافی نارەزایی بەمۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی وە مافی نارەزایی و پێداچوونەوت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بەپێچەوانەوە بڕیاری پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ **صباح** قادر كاملا

* * *

**سەرۆکایەتی لێژنەی یەکەمی زەوی دەست**

**بەسەراگرتن لە مەولێر** **ژمارە: ١٢**

**رێکەوت: ٢٠١٩/٢/٦**

**ئاگاداری**

لەسەر داوای هاوڵاتی (اسود بكر عبدالله امين) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان مەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو- لە (بكر عبدالله محمد) بۆ (بكر عبدالله امين) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٢٠٢ ، ٣٥٧ ، ٣٠٥ ، ٢٩٤ ، ٢٠١) کەرتی ٥٩/بۆگ , کە لەسالانی تەسویە بەمەلە تۆمار کراون , پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٢/٢١) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لێژنە

* * *

**سەرۆکایەتی لێژنەی بڕیاری ٢٢٢ سالّی ١٩٧٧**

**ژمارە: ٤٢**

**رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٦**

**ئاگاداری**

# JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- o Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- o Midstream Processing, Storage and Pipelines
- o Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

## 1- JOB TITLE: Senior Projects Engineer

**LOCATION:** Office based (28 days on/off)

### JOB SUMMARY

The Senior Project Engineers primary role is to lead a team, and take ownership and responsibility assigned tasks from project planning to project close out, in addition to oversee the ongoing projects in terms of technical and management

### KEY RESPONSIBILITIES

- Assist the Project Manager in reviewing project communications and identifying key issues requiring action/response.
- Review and finalization of project procedures in consultation with key project personnel

### QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- BS or MS in an Engineering field with a minimum of 15 years of related experience in engineering
- Professional Engineering certification in related discipline preferred
- Project Management Skills.
- Oil and Gas work experience required
- EPCM experience is required
- Project Management, CAD and engineering software skills

Page 1 of 3

## 2- JOB TITLE: Drilling Superintendent

**LOCATION:** Field Based

### JOB SUMMARY

Ensure the efficiency and timely management of drilling operations to minimize rig down time and rig operating expenditures.

### KEY RESPONSIBILITIES

- Manage multiple drilling crews forecast and plan equipment, tooling, material and manpower needs for completion of multiple drilling wells.
- Delivery of the work program on time and on budget

### QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelor's degree in Engineering, preferably Petroleum Engineering or equivalent technical field Graduate
- Crew training experience
- 15 years of rig based supervisory experience
- 5 years Experience as Drilling Superintendent position
- IWCF level 4 well control
- Fluent in written and spoken English
- 15 years plus within the drilling industry, demonstrable track record of moving up through the positions
- Down-hole tool knowledge – to include directional drilling, survey equipment, drilling tool, drilling fluid chemistry, fishing, completions, well testing, DST, artificial lift.
- Supervisory skills with a multi-discipline multi ethnic team
- Extensive working knowledge of land based exploration and development rig based activities in a sour environment.
- Culturally sensitive
- Mentoring skills
- Well Control competency
- SimOps coordination between Drilling / Production / Construction operations

Page 2 of 3

## 3- JOB TITLE: Training and Development Advisor

**LOCATION:** Office Based

### KEY RESPONSIBILITIES

- Coordination and implementation of Individual Development Plans for all LN staff
- Liaison with Field Manger and O&M superintendents to ensure OJT is facilitated for trainee technicians
- Collaboration and liaison with all Departmental Mangers regarding Organization structures, and succession strategies

### QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Master's Degree
- Learning and Development and training experience in a supervisory role
- Firm knowledge of site based HSE and Training – NEBOSH Certificate – advantage
- 8+ years' experience working in Training and Development with IOC's
- 8 + years' experience developing and implementing Competency Assurance programs
- 8 + years of successfully working on nationalisation initiatives and a clear understanding of Succession and Localization and its importance to the organisation
- 8+ years of experience in Learning and Development of LN's inc. mentoring and coaching both office and site based
- Demonstrable abilities dealing with many different stakeholders to achieve T&D and Nationalisation goals
- Local Kurdistan experience is an advantage
- Advanced communication skills – report writing and presentation skills
- Fluent English Speaking
- Supervisory experience

### NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

Page 3 of 3

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**
**سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر** ژمارە:١٤٩٩/١٠
**ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر** رێکەوت:٢٠١٩/٢/٥

**ئاگاداری**

ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٧٣ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە ٥/٥٤٩٢ ک ٩٣ حسارۆک.. جا هەر کەسێک سکالاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆرینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.

**ئەندازیار/ عبدالرحمان احمد گەزنەیی**
**سەرۆکی شارەوانی هەولێر/ بەوەکالەت**

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**
**سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر** ژمارە:١٠٧٩/١٠
**ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر** رێکەوت:٢٠١٩/١/٤

**ئاگاداری**

ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٥٤٣ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە ١٠٩/٤٥١٧ ک ٤٥ وارش.. جا هەر کەسێک سکالاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆرینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.

**ئەندازیار/ عبدالرحمان احمد گەزنەیی**
**سەرۆکی شارەوانی هەولێر/ بەوەکالەت**

هەریمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی کارەبا
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبا هەولێر
ب. گواستنەوەی کارەبای هەولێر کارگێری

اقلیم کوردستان – عیراق
وزارة الكهرباء
مديرية العامة الكهربائية أربيل
مديرية نقل كهرباً اربيل
الادارة

Kurdistan Regional Government – Iraq
Ministry Of Electricity
G. D Of electricity
D.of Erbil electricity Transmission Administration

ژمارە: ٧٩
رێکەوت : / /٢٧١٨ ی کوردی

NO :
٢٠١٩/١/١٠

بۆ/ڕۆژنامەی ( )
ب/زیادکردنی ئاشکرا

بەڕێوەبەرایەتیەکەمان زیادکردنی ئاشکرا رادەگەیێنێت بۆ فرۆشتنی ئەم کەل و پەلانەی لە لیستی هاوپێچدا هاتووە جۆری بەکارهاتوو کە لە گۆرەپانی کۆگای بەڕێوەبەرایەتیەکەمان و وێستگەی ڕۆژهەڵات و کۆگای هێلەکان کۆکراوەتەوە هەر کەس و لایەنێک ئارەزووی بەشداربوونی هەیە وە دەیەوێت زانیاری پێویست وەربگرێت با سەردانی شوێنی ناوبراو بکات یان سەردانی بەشی ژمێریاری بکات لەناو بنکەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست

**مەرجەکانی بەشداربوون:-**

١- ئەم زیادکاریە لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٥ کات ژمێر (١٠) سەر لە بەیانی لە بنکەی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەڕێوەدەچێت.
٢- دانانی بارمتەی سەرەتایی بە ڕێژەی (٢٠%) نرخی خەمڵێنراوی کەرستەکان.
٣- پێویستە بەشداربوو قەرزاری باجی دەرامەت نەبێت.
٤- کرێ ی بڵاوکردنەوە و بانگەواز لە ئەستۆی ئەو لایەنە دەبێت کە زیادکاریەکەی بۆ دەردەچێت.
٥- لایەنی کرێار دەبێت پارەکە بە کاش بدات.
٦- ئەو لایەنەی زیادکاریەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت دوای سپاردن لە ماوەی (١) یەک مانگ هەموو کەرستەکان هەڵبگیرێت بە پێچەوانەوە دوای بەرواری دیاری کراو کرێ ی ڕۆژنەی لەسەر هەژمار دەکرێت بە بری (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ هەر ڕۆژێک.
٧- کەرستەکان دەبێت لە رێگای لێژنەیەکی تایبەت ڕادەست بکرێت.

لەگەل ریزماندا...

ئەندازیار / فارس میرخان محمد امین
بەڕێوەبەری گواستنەوەی کارەبای هەولێر
٢٠١٩/١/١٠

وێنەیەک بۆ /
- کارگێری .
- لێژنەی فرۆشتن .
- دۆسیەی سوراو .

م ح م د /٢٠١٩/١/

دەرخستەی مادە لە کارکەوتوو ( مواد أستهلاك )
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی کارەبای هەولێر

| ژ | جۆر | یەکە | بڕ | تێبینی (شوێن) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | تانکەری ئاو بە قەبارەی (3000 لتر) | دانە | 1 | کۆگای گواستنەوە |
| 2 | مولیدەی کارەبا بچوک / بنزین | دانە | 1 | کۆگای گواستنەوە |
| 3 | ماتۆری ئاو / بنزین لە کار کەوتوو | دانە | 2 | کۆگای گواستنەوە |
| 4 | سەلاجە بە قەبارەی جیاواز لە کار کەوتوو | دانە | 7 | کۆگای گواستنەوە |
| 5 | سبلیت لە کار کەوتوو | دانە | 15 | کۆگای گواستنەوە |
| 6 | پراد ی ئاو لە کارکەوتوو | دانە | 2 | کۆگای گواستنەوە |
| 7 | موبەریدە بە قەبارەی جیاواز لە کار کەوتوو | دانە | 3 | کۆگای گواستنەوە |
| 8 | جهاز فۆتۆ کۆپی لە کار کەوتوو | دانە | 3 | کۆگای گواستنەوە |
| 9 | تایەی کۆن بە قەبارەی جیاواز | دانە | 50 | کۆگای گواستنەوە |
| 10 | ڕۆنی محویلە بە کار هاتوو | لتر | 15000 | وێستگەی پارك + کۆگای گواستنەوە |
| 11 | پاتری بە قەبارە و جۆری جیاواز لە کار کەوتوو | تۆن | 45 | کۆگای گواستنەوە |
| 12 | تاوەری لە کارکەوتوو + ئاسنی ستراکتجەری وێستگەی باکوور ( ئاسنی ئنگلاین ) | تۆن | 200 | وێستگەی باکور + کۆگای هیلەکان + وێستگەی ڕۆژهەلات |
| 13 | بکرەی ئاسن بە قەبارەی جیاواز ( 23 دانە ) | تۆن | 30 | کۆگای هێلەکان + کۆگای گواستنەوە |
| 14 | کێبل بە قەبارەی جیاواز | تۆن | 50 | وێستگەی نازادی+ کۆگای گواستنەوە+ وێستگەی ڕۆژهەلات |
| 15 | تێلی کارەبای ئەلەمنیوم | تۆن | 90 | وێستگەی باکور + کۆگای هیلەکان + وێستگەی ڕۆژهەلات |
| 16 | لاپ تۆپ لە جۆری ( HP ) بە کارهاتوو بەڵام کار دەکات | دانە | 3 | کۆگای گواستنەوە |
| 17 | لاپ تۆپ لە جۆری ( Sony VAIO ) بە کارهاتوو بەڵام کار ناکات | دانە | 1 | کۆگای گواستنەوە |
| 18 | بۆری پۆلی ئەسیلین ( HDPOE ON 100 ) تیرەی 180 ملم | م | 6000 | کۆگای هێلەکان |
| 19 | بۆری پۆلی ئەسیلین ( HDPOE ON 100 ) تیرەی 60 ملم | م | 940 | کۆگای هێلەکان |

تێبینی: ئەم کێشانەی کەل و پەلانە بە نزیکراوە و کێشی تەواو پاش قەپان کردنی کەل و پەلەکان دەردەکەوێت بە ئامادە بونی کریار و فرۆشیار.

---

**کۆمپانیای ( DNO ) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی ( ناوخۆ ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :**

| | |
|---|---|
| Job Title | Senior HSE Technician – Project Execution |
| Work Location | Field (Tawke and Peshkabir) |
| Application Closing date | 7 Days from the date of this announcement |

Additional Details and requirements

- Working with DNO and contractors to ensure that the DNO Values of Report, Intervene, Comply and Help are part of how we execute projects in DNO.
- Ensures full compliance with DNO's safe working practices and EIA commitments in field.
- The conscience of the execution works with a direct operating reporting line to Project Managers and a functional reporting line to the Projects' HSE Manager.
- Active input into the daily and forward plans of project execution through Permit to Work Planning meetings with Site Superintendent and site HSE resources and contractor supervisors.
- Ensures contractors' HSE plans, agreed by DNO, are complied with at all times.
- Engagement in forward looking risk assessments of project execution work.
- Assist in the planning and supervision of SIMOPS activities (concurrent drilling, construction and production).
- Provide training and coaching for national DNO Project staff to develop their skill sets to assist them to drive HSE into the line.
- Compliance requirements are understood for DNO Policies and standards. Monitoring of behaviors related to Life Saving Rules and ensuring violations are recorded and dealt with as per procedure.
- Focus on behaviors to promote safety culture with emphasis on DNO RICH value set.
- Safety meetings and contractor company pre-job safety meetings are routinely held with a focus on risk management.
- High risk situations can be identified, documented and a risk mitigation approach taken to assist facilitation of work.
- Daily HSE inspections are routinely made
- Full and proper application of the Permit-To-Work System is in place at the site. Routine tasks not requiring PTW are fully covered with agreed and signed off procedures.
- Safety Drills are routinely and effectively carried out with lessons learned implemented to ensure improvements.

**Required Qualifications & Experience:**

- 5-10 years HSE experience in HSE with at least 2 years spent in a construction environment.
- NEBOSH Certificate

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

**DNO Iraq AS**
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
**Org. no** 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

---

**کۆمپانیای ( DNO ) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی ( ناوخۆ ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :**

| | |
|---|---|
| Job Title | Junior Production Engineer |
| Work Location | Erbil Office |
| Application Closing date | 7 Days from the date of this announcement |

Additional Details and requirements

- Provide technical / Operational support to the sites to ensure the Production Operations are conducted in an efficient and safe manner
- Assists in the QC and preparation of the daily and weekly production reports
- Assists the Head of Operations Support in closing out Synergi actions
- Reviews commercial invoices for consistency and compliance with finance procedures
- Participates in HAZOP, HAZID studies, and design reviews as required
- Assists in supporting MoCs and Deviations as required
- Analyses and reports on production data and forecasts
- Supports production optimization efforts

**Required Qualifications & Experience:**

- BSc MSc Degree in Chemical or Petroleum Engineering
- 0 to 3 years practical experience in Process / Chemical Engineering and Production with a good knowledge of the Maintenance and Inspection activities.
- Ability to work in a multi-cultural environment.
- Fluent spoken and written English.

**Other Requirement:**

- Must be available to work on off-shift hours, on a project or emergency basis.

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.


**DNO Iraq AS**
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
**Org. no** 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/2/7 ژمارە (5689)

# بەرجەستەکردنی بیرکردنەوەی مرۆڤ لە پەیکەرەکانی ئۆگست رۆدان . دا

ئا: هاوژین نانەکەلی

پەیکەرتاشی ناسراوی فرەنسی ئۆگوست ر ودان 1840-1917یەکێک بووە لە پێشەنگەکانی هونەری پەیکەرتاشی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی نەخش و نیگارو هونەری پەیکەرسازی هەبووە، بۆیە ئاواتی بووە بە خوێندنی ئەکادیمی پەرە بەو ئارەزووەی خۆی بدات، بەڵام لە پەیانگای هونەرە جوانەکاندا وەرنەگیرا وە، لە پاریسی پایتەختی فرەنسا دەستی کرد بە کاری سەربەخۆ و لە کارگەی (کارییە بیلۆز) دامەزرا، کە کارگەیەک بوو تایبەت بە دروست کردنی نەخش کاری، بە تایبەتی لە بواری نەخشەسازی کۆشک و تەلارەکانی فرەنسا ،لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی سەردانی موزەخانەی لۆڤەرو کۆشکی ئیمبراتۆری دەکرد، بۆ ئەوەی لەو شوێنانەدا فێری شێوازی ئەکادیمی بێت.



یەکێکیش لە کارە هەرە دیارەکانی رۆدان لە ساڵی 1860دروست کردنی پەیکەری باوکی بوو، دوای ئەوەی بوو بە خاوەنی ئەزموونێکی دیار لە بوای نەخش و نیگارو پەیکەرتاشی، بوو بە ئەندامی سەندیکای دیکۆرکێشان،کە چەندین لە گەورە پەیکەرتاشەکانی ئەو کاتەی وەک (دولاکرۆ) ی گەورە نیگارکێشی سروشتی و (گۆتە) ی نووسەری خاوەنی تیۆری (هونەر لە پیناو هونەر) و چەندینی تری دەگرتە خۆی، کە هەر یەک لەوان بۆ (رۆدین) قوتابخانەیەک بوون .

یەکێک لە شاکارە هەرە دیارەکانی رۆدان پەیکەری (بیرکەرەوە) بوو کە سەربوردەیەکی تاڵی جەنگی سەد ساڵە دەگێڕێتەوە ، کە ساڵی 1347رووی داوە، کاتێ ( کالایس ) کە یەکێکە لە کەنارە گرنگەکانی فەرەنسا دەکەوێتە ژێر گەمارۆی ئینگلیزەکان، بە سەرکردایەتی پاشا ( ئەدواردی سێیەم ) ئەو کاتە ( فیلیب ) پاشا، پاشای فرەنسا، بڕیار دەدات کە شارەکە بە هیچ شێوەیەک خۆی رادەستی ئینگلیزەکان نەکات ، بەڵکو خۆی بەرامبەر بە گەمارۆکە رابگرێت، بەڵام تینوویەتی و برسیەتی تەنگی بە خەڵکی شارەکە هەڵچنی و زۆر لە هاوڵاتیانی ئەو شارە بوونە قوربانی، بۆیە بە ناچاری شارەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکان و داگیرییان کرد، ئەوەبوو ئەدوارد ژ هەلیژاردەیەکی بۆ خەڵکی شارەکە راگەیاند ئەویش ئەوەبوو کە ئەگەر شەش لە سەرکردەکانی ئەو شارە کۆت و پێوەند لە ئەستۆی خۆیان کەن و هەر یەکەو کلیلی دەرگای شارەکەیان بە دەستەوە بێت، بە نیمچە رووتی خۆیان رادەست بکەن، ئەوە خەڵکی شارەکە لە لەناو چوون رزگاریان دەبێت، بە پێچەوانەی ئەو بڕیارەش ئەوە تەواوی خەڵکی شارەکە لەناو دەبڕێن..

ئەوەبوو یەکێ لە گەورەترین دەوڵەمەندەکانی ئەو شارە خۆی بۆ ئەو کارە بەخش کرد ، دواتر پێنج لە شەرەف مەندەکانی دیکەی شارەکە بە هەمان شێوە بڕیاری خۆبەخشینی خۆیان دا و لە پێناو پاراستنی گیانی خەڵکی شارەکە مەرجەکەیان جێ بە جێ کرد، (رۆدین) ی پەیکەرتاش هەوڵی ئەوەی داوە ئەو گرتە میژوویییە لە پەیکەرێکدا بەرجەستە بکات کە گوزارشت لە قوربانی دان و ئازایەتی خەڵکی شارەکە دەکات لە کاتی بەزیندا، بە وەستانیان لە رووی مەرگ، کە رەنگەئەم هەڵوێستە لە میژووی سەروەری گەلاندا هەڵوێستەیەکی نیشتمانی کەم وێنە بێت .

پەیکەری (بیرکەرەوە) پەیکەرێکی لە برۆنز دروست کراوە و ئێستاکە لە موزەخانەی رۆدان لە پاریس پارێزراوە، پەیکەرەکە بەرجەستەی وێنەی پیاوێک دەکات کە زۆر بە قوڵی کەوتۆتە دنیای بیرکردنەوە، بۆ دیاری کردنی چانووسێکی نادیار و بڕارێکی سەخت و دژوار، لە نێوان هەڵبژاردنی قوربانی دان بە خۆی و پاراستنی گەلەکەی .

کە دیارە هاوکێشەکە هاوکێشەیەکی ئێجگار قورس و ئاڵۆز لە بەردەم ئەو پیاوەدا دەردەکەوێت کە یەکلا کردنەوەی پێویستی بە جوامێری و ئەقڵێکی مرۆیی گەورە هەیە ..کەوتۆتە سەر، بۆیە پەیکەرەکە جگە لەو هونەرە بە پێزو دەست رەنگینەی هەیەتی ، لە هەمان کاتیشدا فەلسەفەیەکی مرۆیی گەورە دەبەخشێت .

رودان ـ ئەو پەیکەرەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە ماوەی 10ساڵان ئەنجام داوە و لەو کاتەوە تا ئێستاکەش پەیکەرەکە وەک نموونەیەکی داهێنانی کەم وێنە هەژمار دەکرێت ..


رەخنەگرە هونەرییەکان وای بۆ دەچن کە رۆدان هەمیشە لە هەوڵی شکاندنی کۆتو پێوەندە تەقلیدییەکاندا بووە ، بۆ دۆزینەوەی ستایل و شێوازی نوێ بۆ کارەکانی ، ئەمەیە وای کردووە کە رۆدان خاوەنی سیماو مۆرکی تایبەتی خۆی بێت لە نێو زۆر لە پەیکەرتاشەکانی سەردەمی خۆی، هەمیشە رۆدان لە ململانێ دابووە لە گەڵ رابووردووە تەقلیدییەکان وەدیهێنای مافە رەواکانیان و چەند جارێکیش داوای کردووە کە یەهودییەکان لە خاکی فەلەستین بێنە دەرێ وداوای وڵاتێکی سەربەخۆی بۆ فەلەستینییەکان لەسەر خاکی خۆیان ئامادە پێداوە.

سااڵی 2005سەردانی وڵاتی میسری کردووە و بەشداری لەو پێشانگا نێودەوڵەتییە کرد کە لەوێ سازکرابوو پاشان سەردانی گەورە رۆمانووسی میسری نەجیب مەحفوزی کردووە.

لە یەکێک لە دیمانە رۆژنامەوانیەکانیدا نادین دەڵ نابێت نووسەر لە بورجی بڵند بژی و خۆی بە زل بزانێ و ناشبێ لە مەسەلە گرنگەکانی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەکانی جیهان خۆی بدزێتەوە و دوورەپەرێز بووستێ و هەڵوێستی نەبێت، بە پێچەوانەوە ئەرکی هەرە لە پێشی نووسەران ئەوەیە لە چارەسەرکردنی گرفتەکا رۆڵیان هەبێ و پەیامنێری خێرخوازی بێ و مرۆڤایەتی لە سەرووی گشت بیربۆچوون و ئایدایەکی تایبەت دانێن، راستە نووسەر خاوەن بیرو هزری تایبەت بە خۆیەتی و ئەو شێواز و ستایلە هەڵدەبژێرێ کە بەراستی دەزانێ بۆ ئەوەی سەرکەوتن لە پیشەکەی وەربگرێ، بەڵام لە دواین وێستگەدا نووسەر مرۆڤە و مرۆڤیش دەبێ لە خزمەت مرۆڤایەتی و کێشەکانی دابێت.



# نادین گۆردیمری، وەرگری نۆبڵ لە ئەدەب



بۆتان جەلال

نادین گۆردیمر ساڵی 1923لە سبرینجز لە باوکێکی لیتوانی جولەکە و دایکێکی ئینگلیزی مەسیحی لە دایک بووە، هەر کە کەوتە نێو بواری ئەدەب، وڵاتەکەی بە دەست ڕەگەز پەرستییێتی نااندویەتی، لەباشوری ئەفریقیا جیاوازی نێوان ڕەش پێستەکان و ئەوانی دیکە زۆر پەرەی سەند بوو، نادین بەنووسین و هەڵوێست چڕتە بەرەی قەاڵچۆکردنی ڕەگەز پەرستیەتی و هەوڵی زۆری داوە ئەم پەتا کوشندەیە لە وڵاتەکەی کەم بکاتەوە.

ساڵی 1949یەکەم کۆمەڵە چیرۆک باڵاو دەکاتەوە، پاشان ڕۆمانی (ڕۆژە درۆزنەکان) و (جیهانێک لە غەریبایەتی) باڵاو دەکاتەوە، ساڵی 1974خەاڵتی پۆکەر وەردەگرێ، هەر ئەو خەاڵتەش بووە ڕێگا خۆشکەرێک بۆ ئەوەی ئەکادیمیای سویدی لە ساڵی 1991خەاڵتی وێژەی پێشکەش بکات.

لە ڕۆژی 26ئۆکتۆبەری ساڵی 2006لە لایەن سێ دزەوە هێرشی کرایە سەر و زامدار بوو، لە 13ی یونیو ساڵی 2014لە جۆهانسبۆرگ لە تەمەنی 91 ساڵیدا ژیانی دەپێچێتەوە و کۆچی دوایی دەکات.

نێوەندە ڕۆشنبیرییەکانی عەرەبی زۆر پەست و خەمباربوون کاتێ گوێبستی ئەوە بوون کە نووسەر و وەرگری خەاڵتی نۆبل لە ئەدەب (ناردین گوردیمر) نیازی وابوو سەردانی وڵاتی ئیسرائیل بکات وەک میوانێک بەشداری پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لەو وڵاتەدا بکات. بەشداریکردنی گۆردیمر بە بۆنەی 60ساڵەی داگیرکردنی فەلەستین دێت کە لە ساڵی 1948ڕوویدا و پێشانگاکەش ڕاستەوخۆ بە چاودێری وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل دەبێت.

ڕۆژنامەی (هارتس)ی ئیسرائیلی و ڕۆژنامەی (قاهیرە)ی میسری ئاماژەیان بەوە داوە کە قبوڵ کردنی نادین گۆردیمر بۆ ئامادەبوون لەو پیشانگایە پاش دوو دڵیەکی زۆرەوە بووە و دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ نووسەری ئیسرائیل عامۆی عۆن ئەنجامی داوە، ئەو رازیبوونەشی پاش گوشارێکی زۆری لایەنە سیاسی و ڕۆشنبیرانی عەرەب و هەندێکی غەیرە عەرەب و رازیکردنی ڕۆشنبیرانی فەلەستینی دێت کە بڕیارە پاش بەشداربوونی لەو پیشانگایە، چەند یەکتر بینین و دیدار لەگەڵ نووسەرانی فەلەستینیشی بکات، جگە لەو لایەنانەی کە لەگەڵ ئەوەدا نین گۆردیمر ئەو سەفەرەی بۆ ئیسرائیل ڕێکبخات فشاری وڵاتەکەی خۆشی (باشوری ئەفریقا )ی لەسەرە، لەپاش ئەوانەش ئەم نووسەرە بە ڕوناکبیرێکی شۆڕشگێر و مرۆڤپەروەر ناسراوە و بانگێشتەی یەکسانی و دژە ڕەگەزپەرستی دەکات و نووسەرێکی ناوداری جیهانە و حەز ناکات ناوی خۆی لەکەدار و کەسایەتی ناشرین ببێ. هەروەها فەرمانگە ڕادیکاڵییەکان لە باشوری ئەفریقیا داوا لە نادین گۆردیمر دەکەن کە نەچێتە ئیسرائیل و بەشداری لە ئامادەبوونی پێشانگاکە نەکات ئەویش فشارێکی بەهێزە بۆ سەر نووسەر کە دووچاری دوودڵی و دڵەڕاوکێی بەشداریکردن یان نەکردنی بکات.

شایانی باس کردنە نادین گۆردیمر بە ڕەگەز یەهودییە و بە دریژایی ژیانی وەک ئافرەتێکی هزرمەند و نووسەر لە بواری چاکی و بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ کاری کردووە بەتایبەتیش لە بواری پاراستنی ڕەگەزی ڕەشپێستەکان لە جیهاندا.

گۆردیمر زیاتر 20بەرهەمی چاپکراوی لە شێوەی کتێب باڵاوکردۆتەوە کە هەندێکیان چیرۆک و هەندێکی تری ڕۆمانن، لە چلەکانی سەدەی ماندێلا چووتە ڕیزی حیزبی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی.

نادین بەوە ناسراوە پاڵپشتی



## لە خولی نایابی کوردستان

# ئەمڕۆ هەندرێن و برایەتی لەدێربی هەولێر بە یەک دەگەن

## سبەی لەدێربی دهۆک، زێرەڤانی و دهۆک ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە



**کارژان کانەبی**

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی پازدەهەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی دووەمی خولەکە بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەمە و ڕۆژی هەینی حەوت یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان بەڕێوەبچێت،ئەمڕۆپێنج شەمە یانەی هەندرێن لەسەر یاریگای خۆی میوانداری یانەی برایەتی دەکات لە دێربی پایتەخت ئەم یارییەش بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی هەیە و بە یەکێک لە بەهێزترین یارییەکانی ئەم هەفتەیە هەژماردەکرێ لە پایتەختی کوردستان، هەردوو تیپ ئامادەکاری باشیان کردووە بە ئامانجی بەدەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکە هەندرێن دەیەوێت چەند هەنگاوێک بچێتە خانەکان سەرووی ریزبەندی یانەکان، برایەتیش بە وردیەکی بەرزەوە دێتە یاریگای هەندرێن بۆ ئەوەی سێ خاڵی یارییەکە بەدەست بهێنێت و خۆی لە خانەکانی دواوەی ریزبەند رزگار بکات،لە شاری سلێمانیش لەسەر یاریگای فەرماندەیی هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمان و زاخۆ ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، پێشمەرگە ماوەیەکی زۆرە تامی بردنەوەی نەکردووە چاوی لەوەیە سێ خاڵ لەسەر یاریگای خۆی بەدەست بهێنێت و ببێتە هەوێنی ئەنجامی باشتر لە ڕێگای یارییەکەی زاخۆ، کوڕانی زاخۆش لە زاخۆی دەڵالەوە هاتونەتە سلێمانی بۆ ئەوەی بە سێ خاڵی گرنگ بگەڕێنەوە شاری زاخۆ ئەم یارییەش بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی هەیە، پێشمەرگەی پێشەنگی یانەکانیش لە یارییەکی گرنگ و زەحمەتدا لە شاری دەربەندیخان لەسەر یاریگای ئەو شارە و لە بەردەم هاندەرانی ئەو یانەیە دەبێتە میوانی دەربەندیخان کوڕانی سەمیربابۆ ئامادەکاری باشیان کردووە بۆ ئەوەی درێژە پێدەری ئەنجامی باش بن لەم قۆناخەش وپێشەنگی یانەکان زیاتر قایم بکەن، کوڕانی دەربەندیخانیش دەیانەوێ بە پاڵپشتی یاریگاو هاندەران ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن بەرامبەر پێشمەرگەی هەولێر،سبەی هەینیش لە دێربی شاری دهۆکی ڕەنگین هەردوو یانەی زێرەڤانی و دهۆک لەسەر یاریگای زێرەڤانی ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یارییەش هەریەک لە ڕاهێنەران هەرمان سالح و سلێمان ڕەمەزان پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە بەدەستەبەر بکەن هەردوویانەش چاویان لە سێ خاڵی یارییەکەیە ئەم یارییەش بە یەکێک لە یارییە بەهێزەکانی ئەم هەفتەیە هەژمار دەکرێ لە بادینان، لە پیرمامیش یانەی ئارارات میوانداری یانەی ئاکرێ دەکات، ئارارات بە پشت بە ستن بەیاریگاو هاندەران دەیانەوێ ئەنجامی باش تۆماربکەن لەم یارییەش، یانەی ئاکرێش بۆ ئەنجامی شایستە گەشتی پیرمامی دەکات هەردوو یانەش بۆ سێ خاڵی یارییەکە پلانیان داناوە، لە سلێمانیش نەورۆز لەسەر یاریگای خۆی لە یارییەکی بەهێزدا میوانداری یانەی شێروانەی کەلار دەکات، نەورۆز ئامانجی قەرەبوو کردنەوەی شکستی هەفتەی ڕابردووە و ئاشت کردنەوەی هاندەرانی یانەکەیەتی لەسەر یاریگاو لەبەردەم هاندەرانی تیپەکە، شێروانەش دەیەوێت بە ئەنجامی شایستەوە بگەڕێتەوە کەلار چەند هەنگاوێکیش لە ریزبەندی یانەکان بچێتە پێشەوە، لە شاری کەرکووکیش یانەی گازی باکوور ڕووبەڕووی یانەی هەولێر دەبێتەوە بۆ ئەم یارییەش هەردوو یانە ئامادەکارییەکی باشیان کردووە بۆ ئەوەی سێ خاڵی یارییەکە بۆ خۆیان یەک لای بکەنەوە، سەرجەم یارییەکانیش لە کاتژمێر2,30دوای نیوەڕۆ بەڕێوەدەچێت.

## بەر لەڕووبەڕووبوونەوەی مان یونایتد

# پاریس سان جێرمان پاڵنەرێکی بەهێزی پێدەگات

یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی هەواڵێکی خۆشی پێگەیشت بە گەڕانەوەی یاریزانی هێڵی ناوەڕاست مارکۆ ڤیراتی بۆ مەشقە بەکۆمەڵەکان، ئەمەش بەچەند ڕۆژێک بەر لەیاری داهاتوویان لە قۆناغی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بوو. یانەی پایتەختی فەرەنسی لەسەر لاپەڕەی فەرمی خۆی لەمالپەڕی کۆمەڵایەتی تویتەر وێنەی ناوبراوی بڵاوکردەوەو لەژێری نووسی بوو: گەڕانەوەی مارکۆ بۆ مەشقە بەکۆمەڵەکان هەواڵێکی خۆشە بۆیانەکەی و هاندەرانی. ڤیراتی لە 19ی مانگی ڕابردوو لەیاری پاریس سان جێرمان بەرامبەر گانگۆنی خاوەن پلەی کۆتایی ریزبەندی خولی فەرەنسا تووشی پێکان هاتەوە، کە بەئەنجامی 9گۆڵی بێ وەڵام سەرکەوتنیان تۆمارکرد، شوێنەکەی بۆ یاریزانی ئەڵمانی یۆلیان دراکسلەر جێنهێشت. یاری نەکردنی ڤیراتی لەماوەی ڕابردوودا کاریگەری لەسەر ئاستی یانەی پاریس سان جێرمان هەبووە، کە چەندین یاریزانی لەهێڵی ناوەڕاست یاری ناکەن، دوای ئەوەی یەکەمین شکستی بەرامبەر لیۆن تووشهات بەئەنجامی 1-2گۆڵ، لەگەڵ ئەوەی لەم دواییەدا یاریزانی ئەرژەنتینی لیاندرۆ پاریدێسی هێنایە ریزەکانی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. سان جێرمان لە 12ی ئەم مانگەدا یاری گەڕانەوەو لە 6ی ئاداریش یاری گەڕانەوە بەبێ یاریزانی بەرازیلی نیمار ئەنجام دەدات، کە پێکانی پەنجەی پێی ڕاستی هەیە، کەبەهۆیەوە 10هەفتە لەیاریگا دوورکەوتەوە.

**ئەبەز ڕوستایی**



## هالیپ بۆندی ڕاهێنەری بەڵژیکی واژۆکرد



مالپەڕی فەرمی یەکگرتووی کچە یاریزانە پیشەگەرەکانی تێنسی سەر زەوی ڕایگەیاند کە یاریزانی تۆپی زەردی ڕۆمانی سیمۆنا هالیپ لەپلەی یەکەم گەڕایەوە پلەی سێیەمی جیهان، بەم هۆیەوەش هەستا بە واژۆکردن و هێنانی ڕاهێنەری بەڵژیکی تێری ڤان کیلمبۆن بۆ یارمەتیدانی و هەستانەوەی. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆرە نەیتوانیوە هیچ نازناوێک بەدەست بێنێت، کە پێشتر خاوەنی نازناوی ڕۆلان گارۆس بوو لەگەڵ ڕاهێنەری پێشووی ئوسترالی دارین کاهێل، لەماوەی وەستانی کۆتایی ساڵی ڕابردوو ، بەر لەوەی کاهێل بڕیاری دوورکەوتنەوە لەمەشق بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت کاتی زیاتر بداتە خێزانەکەی لە ئوسترالیا.

## خیسێ گەرموگوڕە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئاستی لەگەڵ بیتیس



خیسێ ڕۆدرێگێز هێرشبەری تازەی یانەی ریال بیتیسی ئیسپانی لەچوارچێوەی ناساندنی بە هاندەران و میدیاکانی جیهانی لەگەڵ یانەی بیتیس لە لیدوانێکیدا گوتی: تیپەکەیان ئامادەیە ئەنجامی باش لەچەند یارییەی لەم وەرزە ماوە بەدەست بێنێت. خیسێی تەمەن 25ساڵ لەخواستن یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی جێهێشت و پەیوەندی بەیانەی ریال بیتسی ئیسپانیا کرد، کە ئامادەیە بۆ بەشداریکردن لەیاری پێش کۆتایی جامی ئیسپانیا بەرامبەر ڤالێنسیا کە ئەمشەو بەڕێوە دەچێت و گوتیشی یارییەکەی ئەمشەو زۆر زەحمەت دەبێت بەهۆی بەهێزی ڕکابەرەکەمان. لەلایەن خۆیەوە سەرۆکی یانەی ریال بیتیس ئانخێل هارۆ گوتی: خیسێ یاری بۆ بەرژەوەندی چەندین یانەی گەورە کردووەو گەرم و گوڕە بۆ ئەوەی ئاستە بەرزەکەی بەدەست بێنێتەوە، دوای ئەو دابڕانە زۆرەی لەیاریەکان لە لەگەڵ یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی. بۆندی خیسێ لەگەڵ پاریس سان تا حوزەیرانی 2021بەردەوام دەبێت، کە تەنها 15یاری فەرمی لەگەڵ ئەو یانەیە ئەنجام داون.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/2/7 ژمارە (5689) خەبات

# بودجەی گواستنەوەکانی هاوینەی ئارسنالّ ئاشکرا دەکرێت

بەرپرسانی یانەی ئارسنالّی ئینگلیزی بە ئۆنای ئیمری راهێنەری راگەیاندووە کە بودجەی نۆژەندکردنەوەی تیپەکەیان لەهاوینی داهاتوو دیاریکراوە. ئیدارەی تۆپچییەکان بە ئیمریان راگەیاندووە کە تەنها 40ملیۆن یۆرۆیان بۆ گواستنەوەی یاریزانان لەهاوینەی داهاتوو تەرخانکردووە. ئارسنالّ دووپاتیکردەوە کە سەرکەوتوو بوو لەگواستنەوەی دینیس سواریزی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بەخواستن، لەگەلّ بوونی بەندیکڕین لەکۆتایی وەرز. ئەو بڕیارەی گانەرز بەیارمەتی راهێنەر سەبارەت بەم بڕە پارەیە کەمە ئەگەر نەتوانێت وەرزەکە لەچوار پلەی پێشەوە یاخود بردنەوەی خولی یۆرۆلیگ تەواو بکات.

## لیڤەرپوول

### یاریزانێکی دیکەی بردە پێکهاتەکەی لە خولی یانە یالّەوانەکان

یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی لە سێ شەمەی رابردوو رایگەیاند کە یاریزانێکی تازەی خستۆتە سەر لیستی پێکهاتەکەی لەخولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپا. یانەی پێشەنگی خولی ئینگلیزی لیستی پێکهاتەکەی بەر لەوادەی دیاریکراوی پێشکەشی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا کرد، کە تیایدا هەندێک ناوی تازەی تێدا دەردەکەوێت بۆ قۆناغی 16ی ئەم خولە. کە دیارترینیان یاریزان ئەلێکس ئۆکسلاد چامپەرلینە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت یاریزانی هێلّی ناوەڕاستی ئینگلیزی لەپێکانەکەی چاک بۆتەوە، کە لەمانگی نیسانی رابردوو لەسەر ئاستی ئەژنۆی تووشی هات. یاریزانی تەمەن 25ساڵ بەهۆی پێکانەوە لەماوەی 10مانگی رابردوو تووشی گرفتی زۆر بۆوە و کاریگەری زۆری لەسەر ئاستی ناوبراو هەبووە، بەڵام لەم چەند هەفتەیەی دوایدا گەڕایەوەو تارادەیەکی زۆر توانای جەستەیی بەدەستهێناوەتەوە. یاری چوونی قۆناغی 16ی خولی یانە پالّەوانەکانی لیڤەرپوول بەرامبەر یانەی بایرن میونخ لە 19ی ئەم مانگە لەسەر یاریگای ئانفیلّد دەبێت، یاری گەڕانەوەش لە 13ی مانگی ئادار بەڕێوەدەچێت.





## هاردن

### 44 خاڵ بەرامبەر سەنز تۆمار دەکات

جیمس هاردن لەیاری رابردوو یانەکەی بەرامبەر یانەی ڤینکس سنز ئاستێکی بەرزی نیشانداو رابەرایەتی یانەکەی هیۆستۆن رۆکتسی کرد بۆ سەرکەوتن بەئەنجامی 110-118خاڵ. لەچوارچێوەی خولی پیشەگەرانی ئەمریکا، هەروەها 8 تۆپی پێچەوانەو 6تۆپی یەکلاکەرەوەی هەبوو، لەگەلّ دزینی 3تۆپ لەیاریزانانی رکابەر. بەمەش هاردن هاتە پلەی سێیەمی لیستی ئەو یاریزانانەی کە توانیویانە بەلایەنی کەم 30خاڵ لەزنجیرەی یاریی لەدوای یەکەکانی تموار بکات، لەدوای ئەفسانە وێلت چیمپرلین. ئەمەش شکستی ژمارە 11ی لەدوای یەک بوو بۆ یانەی سنز.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 7. Feb. 2019 No: (5689)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر


# گەلەری واتەر تۆرن لە ڕۆژندالْ



**تاشتی گەرمیانی – هۆڵەندا:**

هونەرمەندی شێوەکاری هۆڵەندی خاتوو کۆری ئۆلتۆف لە ساڵی 1936 لە شاری ڕۆزندالْ لە دایکبووە واتە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەلە ماوەی سێ چارەکە سەدەدا ژیاوە کاری هونەری شێوەکاری ئەنجامداوە. لە ساڵی 1991 گەلەری واتەر تۆرنی کردۆتەوە کە بەشی پێشەوەی ماڵەکەی خۆیەتی و چەندین هونەرمەندی شێوەکاریی و فۆتۆگرافی و کۆڕو سیمیناری تێدا ئەنجام داوە و زۆر لە کەسایەتییەکانی شارەوانی ڕۆزندالْ ئامادەبوون لە ڕابردوودا بۆ چالاکییە هونەرییەکانی، ڕۆژانە چەندین بینەری هونەری سەردانی ئەم گەلەرییە دەکەن و زۆر جار وۆرکشۆپی هونەری و ئەکادیمی پێشکەش دەکرێت لەهەمان کاتدا ماڵی ئەو مرۆڤانەیە کە بە پراکتیکی کاری هونەری دەکەن. خاتوو کۆری بێجگە لەسەرقالّی بۆ کار و پیشەو حەزەکانی بۆ خۆشی بەشداری چەندین پێشانگای جیاجیا دەکات لە شارەکانی نۆرد براباند ، لە نێو گەلەرییەکەیدا زۆر کاری جوان و پڕ ماناو بیرەوەری و مێژووی دەبینرێت و کاری هونەری هونەرمەندە شێوەکارە هاورێکانیشی پاراستووە و زۆر جار نمایشیان دەکات. ساڵی 2011 لە کەرکووکە وە کاری هونەری 22 هونەرمەندی شێوەکارم هێنا بۆ لای خاتوو کۆری بۆ ئەوەی پێشانگایەکیان بۆ بکاتەوە، ئەوەبوو پێشانگاکە بەناوی لە کەرکووکەوە تا ڕۆزندالْ بۆ ماوەی هەفتەیەک کارەکانمان نمایش کرد و چەند تابلۆیەکی هونەرمەندانمان لێ فرۆشت، لە دوای ساڵی 2015 وە گروپێکی شێوەکار هەفتانە سەرقالّن بە کاری هونەرییەوە وە دەیانەوێت لە بەهاری 2019 دا کارەکانیان لە فستیڤالّی شێوەکاری ڕۆژئاوای هۆڵەندا نمایش بکەن لە شاری ئایندهۆڤن.

## بنەمای 12 لە ئەتەکێتدا

**ئا/ڕەسول سالح خۆشناو:** لە بابەتی ئەتەکێتدا، بنەمایەک هەیە بە ناوی (بنەمای ١٢)، کە دەڵێت: ١٢ چرکەی یەکەمی دەرکەوتن، ١٢ ئینچ لە سەرووی هەر کەسێک (لە کەللەی سەر تا ١٢ ئینچ خوارتر، نێزیکەی ٣٠ سانتیمەتر) و ١٢ ئینچ لە خوارەوە بۆ سەرەوە، دەبێتە بنەمای بڕیاردان لەسەر کەسەکە. شێوازی هاتنە ژوورەوە، تۆقەکردن، ئەگەر کەسێک بیت قژت ئاڵۆز بێت، جلوبەرگت لەگەڵ یەک نەگونجێت، پێڵاوەکان بۆیاغ نەکرابێت، ڕەنگی گۆرەوپیەکانت لەگەڵ جلوبەرگت نەگونجێت.... هتد، ئەمانە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانی خۆت وەک کەسێکی لێهاتوو پیشان بدەیت.



# بەهار شێرۆانی

## شوێن پێی پێشمەرگە دەکات بە پێشانگا

**وریشە عومەر:**

لەدیمانەیەکی بۆ «خەبات» کەلە ژمارەکانی ڕۆژانی داهاتوو بلاو دەبێتەوە خاتونی هونەرمەندی شێوەکار (بەهار ئەنوەر حەیدەر) ناسراو بە (بەهار شێرۆانی) باسی دواپرۆژەی کرد و گوتی: لەئێستادا سەرقالّی کردنەوەی پێشەنگایەکی هونەری شێوەکاریم ،لەڕۆژی خۆشەویستی کە (14ی شوبات) لەسەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی جیهان لەژێرناوی(شوێن پێی پێشمەرگە) کە لە ٣٠ تابلۆیێک هاتووە. تایبەتە بەبرایانی پێشمەرگە و شەهیدانی شەڕی دژی داعش و بریندارەکانی گوێڕ و مەخمور.




## باس لەخراپ بەکارهێنانی مۆبایل دەکات

# سلێمانی.. فیلمی پلان بەرهەم دەهێندرێت

**بەرهەم شێخ عزەدین:**

لە سلێمانی، وێنەگرتنی فیلمی (پلان) دەستی پێکرد کە لە نووسین و سیناریۆ و دەرهێنانی ڕێبوار محەمەدە، وێنەگرتن و مۆنتاژی یاسین عومەرە، چیرۆکی ئەم کورتە فیلمە باس لە کێشە و خراپ بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکات، هونەرمەند ڕێبوار محەمەد، کە چەند ساڵە لە بواری نواندن کاردەکات ماوەیەکە سەرقالّی کاری دەرهێنانە، کورتە فیلمی پلان دووهەمین کاری دەرهێنانی ئەم هونەرمەندیە، پێشتریش دەرهێنانی بۆ کورتە فیلمی (باوک میهرەبانە) کردبوو، دەرهێنەر دەڵێ: دەبێ هونەرمەندان و فیلمسازەکان زیاتر بایەخ بەو دەرکەوتە خراپانەی دونیای موبایل و ئەنتەرنێت بدەن بۆ ئەوەی گەنجان بگەرە بە تەمەنەکانیش وشیار و بە ئاگابن لە مەترسی ئابڕو چوون و باجگری لە لایەن هەڵپەرستانەوە، فیلمی (پلان) چەند ئەکتەرێکی کچ و کوڕی گەنجی تیایە ڕۆڵ دەگێڕن کە بریتین لە: (ڕیبوار محەمەد، شنە گەشبین، یاسین عومەر، ڕاستی زاهیر، شەهرام تەها، ئاراس عومەر، بیستونی ئەحەڕەش، شەونم محەمەد). لەئایندەیەکی نزیک بلاوەدەکرێتەوە.




# باسکسمین

## یەکێکە لە پیشە کۆن و بەردەوامەکانی دەڤەری بارزان

**دیانە: موسیلم دڵڵەمەری**

زۆرن لەو پیشە کەلتووریانەی کوردەواری کە لە زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان لە کۆن و ئێستاشدا دانیشتوانی پێوە خەریکن و چ وەک سەرگەرمییەکی شەوانی زستانە یان وەک سەرچاوەیەک بۆ بژێوی ژیان بەردەوامیان پێداوە، (باسکسمین) یەکێکە لەو پیشە کۆنە کوردەواریانەی کە تاکو ئێستا لە دەڤەری بارزان باوی هەیە و بە تایبەتی لە شەوانی زستان زۆرێک لە دانیشتوانی ئەم دەڤەرە خۆیان پێوە خەریک دەکەن هەم بۆ کات بە سەر بردن و کردنە دیاری بۆ هاورێیانیان هەندێجاریش بۆ خستنە بازاڕ (کەریم خان زورەگڤانی) کە شارەزایەکی باشی باسکسمینە لە سەردانێکماندا بۆ لای بەم شێوەیە سەبارەت بە کارەکەی بۆ (خەبات) دوا:



**سەرەتا گوتی:** من، کەریم خان زورەگڤانیم، دانیشتووی گوندی زورەگڤانی سەر بە ناحیەی بارزانم هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە حەز و ئارەزوویەکی زۆرم بە ژینگەو تێکەڵی کارو کەلتووری کۆنی کوردەواریم، لەوانەش باسکسمین کە زۆر حەزم لەو کارەیە و بە تایبەتی لە شەوانی وەرزی زستاندا کاتی خۆمی پێ بە سەر دەبەم.

**سەبارەت بە ئامێرەکەی بۆ سمینی باسکە جگارە گوتی:** ئەم ئامێرەی کە بۆ سمینی باسک بە کاری دێنی ئامێرێکی کۆنی کەلتووری کوردەواری خۆمانە کە پێیدەڵێن: (کەوان) کە لە شێوەی تیرو کەوانداییە، پێکدێت لە کەوانێک لەگەڵ چەند تیرێکی ئاسنین، ئەویش چەند جۆری هەیە بچووک و باریک تا دڕێژو ئەستوور کە بە پێی جۆری باسکەکان یان بڵێین داڕەکان بە کاری دێنین.

**سەبارەت بە جۆری ئەو دارانەی کەبۆ باسک بەکاردێن گوتی:** ئێمە سێ جۆر دار بۆ باسک بە کار دێنین لەوانە: (کەوەت و هەلهەلۆک و کنێر) کە داری کنێر شتێکی جوان و بۆنداره بەڵام جۆرەکەی بۆ باسک کەمە ئێستا زیاتر داری کەوەت بە کار دێنم کە شێوەی جۆراو جۆرو جوانی هەیە.

**سەبارەت بە شێوازی دروستکردنی باسکەکان گوتی:** چۆنیەتی دروستکردنی باسکەکان بۆ من زۆر ئاسانە چونکە شارەزاییەکی باشم لە سەر جۆری دارەکان و سمینیان هەیە لە بەر ئەوەی باسکی جوان و سەرنجڕاکێش دروستدەکەم کە دەتوانم بڵێم: لە کاتژمێرێکدا دەتوانم زیاتر لە 40باسک ئامادە بکەم ئەگەر دارەکانم وشک و ئامادەبن چونکە دەبێت بە وەستایی لە بەر سۆبای داران وشکیان بکەمەوە بۆ ئەوەی ڕاست و جوان وشکبن بە پێی پێویست.

**سەبارەت بە داهات و سوودی باسکەکان گوتی:** بە ڕاستی من خۆم بۆ فرۆشتن ئامادەیان ناکەم زیاتر وەک حەزێک و زیندوو ڕاگرتنی ئەم کەلتوورە کۆنە کاری بۆ دەکەم و هەروەها بۆ دیاری و دڵخۆشکردنی هەڤاڵانم و بە سەر بردنی شەوانی زستانە ئەمکارە دەکەم هەندێ جاریش هەبووە بۆ فرۆشتن بەڵام زۆر کەم هەوڵمداوە بۆ فرۆشتن کار بکەم چونکە کەسێک یان سەرچاوەیەک بە فەرمی داوایان نەکردووە کە کاریان بۆ بکەم و بۆیان ئامادە بکەم ئەگەر لایەنێک یان کڕیارێک هەبێت دەتوانم وەک کارگەیەکی بچووکی دەستیی کاری باشیان بۆ بکەم و بەرهەمی باشم بۆیان هەبێت بە شێوەی جیا جیاو زۆر جوان و سەرنجڕاکێش لە داری جۆراوجۆر.